هاوکاری

التضامن

ژمـاره (٢٠٠) ١١-١-١٩٧٤

نرخی (٢٠) فلسه

تەلەفۆن ٢٠٣٦٥

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە

لە دار الجماهیر دەرئەچێو
لە دار الحریە چاپ ئەکرێ

سەرۆك کۆمار کاك احمد حسن بکر نامەیەکی لە سەروکی سودانەوە پێگەیشت

رۆژی چوارشەممەی رابوردوو (ئا٠د٠ع) بڵاوی کردەوە کە سەرەك کۆمارکاك احمد حسن بکر نامەیەکی تایبەتی لە بەرێز محمد جعفر نمیری سەرکۆماری سودانەوە پێگەیشت ٠

سەرۆك احمد حسن بکر پیرۆزبایی لە سەرۆکی تەنزانیا کرد

سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر ئەم بروسکە پیرۆزباییەی بۆ سەرۆکی تانزانیا نارد :

بەرێز یولیوس نایریری سەرۆکی تانزانیا - دارالسلام بەبۆنەی جەژنی نیشتمانی تانزانیاوە پێخۆشحاڵم کە لەجیاتی گەلوحکومەتی عیراقو بەناوی خۆمەوە جوانترین پیروزبایی پێبکەم ٠

احمد حسن بکر
سەر کۆماری عیراق

شۆڕشگێڕانی کەمبۆدیا جەنگیان بردۆتە پایتەختەوە

جێ بەجێ کردنی پرۆژە کانی گەشەپێدان وڵات بەرەو پێش ئەبات

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، بڕیاری دەرکردنی یاسای جێبەجێ کردنی پرۆژە گەورەکانی گەشەپێدانی داوە٠ هوی دەرکردنی ئەم یاسایەش وا دیاری کراوە : کە بەپێی پێویستیەکانی خێرایی بردن لە بەدی هێنانی ئامانجی نەشەپێداندا ، ئەبێت بایەخ بدرێت بەجێبەجێ کردنی پرۆژەی گرنگ و گەورەی ئەوتۆ کە زیاد کردنی بەرهەم زامن بکات جا بەوپێیەو لەبەر روونا کی سوودی گشتی دا پێویست بو بنەڕەتێکی تایبەتی دابنرێت کەهەموو هویەکی ئاسان کردنی ڕێگاو شوێنی مەبەستی دیاری کراو بەدی بێنێت ئەویش لە ڕێگای بەکارهێنانی سامانی دارایی یەوە ٠

ئەوەی شایەنی باسە، بەپێی یاسای ناوبراو لیژنەیەك پێك دێت بۆ بەدواچونی کاروباری نەوت و جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنەکان و سەرپەرشتی کردنی جێبەجێ کردنی هەموو پرۆژەیەکی گەشەپێدان ٠ هەروەها بەپێی ئەو یاسایە پرۆژەکانی گەشەپێدان ڕەسم و باجیان لەسەر نابێت لەروی ئیجازەدانی نیش کردن و هێنانی شتومەکەوە ٠

ڕێژیمی ئەردەن «١٥» کەسی تیرەباران کرد

ڕۆژنامەی - اللواء - ی ئیستگەی رادیوی ئەردن و بیروتی بڵاوی کردەوە : دەورو پشتی کۆشکی - الحمری دەسەڵات دارێتی ڕیژیمی حسینی مەلیکی ئەردن تەقەیەکی ئەردەن ١٥ کەسی تیرەباران زۆر لەنێوان کودتاچیەکان و کردوە ، کە ئەمانە لەسەر هێزەکانی حکومەت دا ڕووی کردەکانی ئەو هەوڵە کودتایە داوە٠

بوون لەکۆتایی مانگی ڕابوردوودا دژی ڕیژیمەکەی مەلیك حسین دایان ٠

ڕۆژنامەکە وتبوی : لەکاتی خۆیدا ٤٠ ئەفسەری گەورە گیرابوون ، یەکی لەو ئەفسەرانە عقید رکن قویدر داود بووە ، بەر لەگرتنی سەرکردەکان ، لەنزیکی ڕۆژنامەکەی بیروت ئەوەشی وتوە : کە بۆ ڕۆژی دوایی هەوڵدانی کودتا سەرنەکەوتوە کە حسینی مەلیکی ئەردن لەگەل کاربەدەستە گەورەکان و سەرکردەکانی سوپادا بۆ لێکۆڵینەوەی وەزع کۆبۆتەوە ٠

● مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئێوارەی ٩-١ لە بارەگاکەیانا پێشوازی بەرێز نۆفیکوف جێگری سەرەکی وەزیرانی سۆڤییەت و ئەو وەفدەیان کرد کە لەگەڵیا بووە لە دیدەنی یەکەدا کە دووسەعاتی خایاند کاك طەجزراوی وەزیری پیشەسازی و کاك عدنان حمدانی سکرتیری لیژنەی ریکخوتنەکان ئامادە بوون ٠

کۆبونەوەی ڕێکخراوی ئۆپێك لە جنیف

لە ڕۆژانی سێ شەممەی چوار شەممەی رابوردوودا ، ڕێکخراوی ئۆپێك ، لە شاری جنیف چەند کۆبوونەوەیەکی بەست ، کە وەزیرانی نەوتی وڵاتە ئەندامەکان لەڕێکخراوی ناوبراودا بەشداریان تیا کرد ٠

سەر چاوەیەکی ئاگادار لە ڕێکخراوەکە بڵاوی کردەوە : لەو کۆبوونەوانەدا ، بڕیار دراوە ، هەرسێ مانگ جارێك نرخی نەوت بگۆڕێت و سیستەمی ئەو نرخە نوێیەی دانراوە لە نیسانی داها توە وە کاری پێ ئەکرێت ٠

بێجگە لە مەسەلەی نرخ دانانی نوێ لەسەر نەوت ، کۆبوونەوەکانی ئۆپێك لەمەسەلەی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان و وڵاتە پیشەسازییەکان کۆڵاوەنەوە لەگەڵ باس کردنی جۆری هاوکاری نێوان وڵاتانی خاوەن نەوت و ئەو وڵاتانەی نەوت ئەکڕن ٠

لە نەرویج بەنزین بەبلیت دابەش ئەکرێت

ئوسلو : ٨-١ ئاژانسەکان : حکومەتی نەرویج بڕیاری دا کە لە ٢٥ی ئەم مانگەوە بەنزین بەبلیت دابەش بکرێت ٠ وە وەزیری بازرگانی نەرویج لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نووسی دا وتی : لەمەولا لە شەش هەفتەدا خاوەن ئوتومبیلەکان تەنیا (٨٠) لیتر بەنزینیان ئەدرێتێ ٠ وە حکومەتی سوید ڕۆژی ٧-١ بڕیاری دا کە بەنزین بە بلیت دابەش بکرێت و تاوەکو مانگی شوباتی ئایندە خاوەن ئوتومبیل ١٠٠ لیتر بەنزینی بدرێنی ٠

مانگرتنی شوفێری شەمەندەفەرەکانی بەریتانیا

لەندەن : ٩-١ ڕوێتەر : شوفێری شەمەندەفەرەکانی بەریتانیا هەڕەشەیان لەحکومەت کرد بەوەی کە ئەگەر بێتو بڕیارەکەی دەوڵەت جێبەجێ بکرێت سەبارەت بە بڕینی ڕۆژانەی ڕۆژێکی کریکارانی ئەم دەزگایە ، ئەوا مان ئەگرن ٠ ئەوەی شایانی باسە گیروگرفتی وزەو سوتەمەنی حکومەتی ئەدوارد هیثی ناچار کرد کەوەزارەتێك بەناوی وەزارەتی وزە پێك بهێنی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە کەچی مەسەلەکە بەلایەکی ترا شکایەوەو ئاگاداران لەو باوەڕەدان کە کریکارانی شەمەندەفەر قسەکەی خۆیان بهێننە سەرو مان بگرن ئەوا گیروگرفتی ئابوری بەیەکجاری بەریتانیا ئەشلەژێنێ بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ٢٧٠ هەزار کریکاری کانەکان لەبەرکەمی ڕۆژانەکەیان بڕیاریان داوەکە جورە مانگرتنێك ساز بکەن ٠

کینجەر گەشتێکی تر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا ئەکا

وا چاوەڕوان ئەکرێت ، هنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ، گەشتێکی تر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دا بکات ، سەرچاوەیەکی ئاگادار لەواشنتۆن وتویەتی :

سەردانەکە لەم مانگەدا ئەبێت و لە پێشەوە سەر لە تل ئەبیب ئەدات ، ڕۆژنامەی - دافار - ی سەهیونیەکان بڵاوی کردۆتەوە ، مەبەست لەگەشتەکەی ئەمجارەی کیسنجەر دانانی نەخشەیەکی تەواوە بۆ ڕێکەوتنی نێوان ئیسرائیل و میسر ، دوای ڕێکەوتن لەسەر لێك جیا کردنەوەی هێزەکانی هەردوولا لە بیابانی سینا کەلە کونگرەی جنیف لەسەری ڕێکەوتوون ٠

هەروەها زانراوە ، کۆبوونەوەی ڕۆژی سێ شەممەی رابوردووی نێوان کیسنجەرو بالیوزی ئیسرائیل لەواشنتۆن دەربارەی گەشتی داهاتوی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ٠ ئەم گەشتەش بێجگە لە تل ئەبیب ، قاهیرەو چەند پایتەختێکی تری عەرەبی ئەگرێتەوە ٠

سیکۆتۆری داوای ڕزگارکردنی ئەفەریقا ئەکات

کۆناکری : تاس : ڕۆژی ٨-١ احمد سیکوتوری سەرۆکی گینیا لەوتارێکدا کە لە کۆبونەوەی لیژنەی کاروباری بەرگری ڕێکخراوی یەکێتی ئەفەریقادا خویندیەوە داوای لەوڵاتانی ئەفەریقا کرد چی یان لەدەست دێت بیکەن و دریغی نەکەن لە ڕزگارکردنی یەگجارەکی قارەی ئەفەریقا ٠ ئەوەی شایانی باسە لەو کۆبونەوەیەدا ١٢٠ پسپۆری عەسکەری بەشدار بوون و لەو بەرنامەی کارە ئەکۆڵنەوە کە پێشکەشیان کردوەو باسی کاروباری پێویست بە ڕزگارکردنی گینیا بیساو ئەکەن لەژێر چنگی ئیمپریالیزمی پورتوگالدا ٠

مەترسی لەبرسا مردن هەڕەشە لەخەڵکی کینیا ئەکات

نیروبی : ٩-١ ڕوێتەر : ئەو بێبارانی و نەهاتیی یەی ئەمساڵ چەند وڵاتێکی ئەفەریقایی گرتەوە ، بەیەکجاری وڵاتی کینیای شەژاندووچەند کەسێکی کوشتووو هەڕەشەی لەبرسانا مردن لە ٣٤ هەزار کەسی تر ئەکات ٠ وە ئاژانسی دەنگوباسی کینیا بڵاوی کردەوە کە خەڵکیکی زۆر لەبەر گرانی و نەبوونی خۆراك مردن و بێبارانیش بووەتە هۆی ئەوەی زیانێکی گەورە لە خاوەن ماڵات و ئاژەڵەکان بکەوێ ، بەتایبەتی لە ژوروی وڵاتا کە لەوەڕی تیادا نەماوە ٠ ئاژانسەکە وتی : ئەمساڵ لەکانونی یەکەما باران نەباری و چاوەڕوانیش ناکرێت کە تاوەکو مانگی ئاذار یاخود نیسان بارێ ٠ ئەوەی شایانی باسە ئەمساڵ وشکی و بێبارانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەفەریقاو حەبەشەی گرتەوە ٠

کورتە هەواڵ

● واشنتۆن : شەوی ٩-١ لە کۆشکی سپی ئەمەریکا بڵاو کرایەوەکە نیکسون نامەیەکی بۆ سەرۆکی چەند وڵاتێکی عەرەب ناردوە لە نامەکەیدا داوای کردووە کە وڵاتانی عەرەبی خاوەن نەوت و کڕیارانی نەوت کۆببنەوە بۆ لێکولینەوەی گیروگرفتی کەمی سوتەمەنی ٠

● هەفتەی ڕابوردوو بەرێز عمر بونگو سەرۆکی گابۆن بەسەردانێکی ڕەسمی چوو بۆ لیبیا ٠

● عەدەن ٨-١ ئا ٠ د ٠ ع : بەپێی سێ بەیاننامەی بەرەی ڕزگاری هێنەری خلیج شۆڕشگێڕان هەفتەی ڕابوردوو لە ناوچەی - صرفیت - هێزەکانی دوژمنیان تۆپباران کردو چوار سەنگەریان کاول کرد٠

● ئەنقەرە : پارتی (عەدالەت)ی تورکیا بڕیاری دا لەو وەزارەتەدا بەشدار نەبێ کە بڕیار وایە نعیم تالۆ پێکی بهێنێ ٠

***

شۆڕشگێڕانی کەمبۆدیا شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ دوژمن ئەکەن

فنوم پن : ٩-١ ئەسۆشیتد پرێس : بەدرێژایی هەفتەی ڕابوردوو شۆڕشگێڕانی کەمبودیا هێرشیان بردۆتەسەر هێزەکانی ڕێژیمی لۆن نول و زیانی گەورەیان لێداوە ٠ وە بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕوێتەر ڕۆژی ٩-١ شۆڕشگێڕان لە ژووروی ڕۆژئاوای فنوم پن پەلاماری هێزێکی ڕێژیمیان داو ١٠٠ سەربازیان لێ لەناوبرد ٠ وە لە ناوچەی کامبول کە پێنج میل لە پایتەختەوە دوورە بەپێی قسەی کاربەدەستانی لۆن نول ، شۆڕشگێڕان ٩٢ سەربازیان لەناو بردووە ٠

لەلایەکی تریشەوە بەپێی هەواڵی ئاژانسەکان نزیکەی ١٨ هەزار جەنگاوەر لە ناوچەی ڕادیوس جێگیر بوون وە ئەو ناوچەیە ٢٥ میل لەپایتەختەوەدوورە ٠ وە لەناوچەی تاکیو شۆڕشگێڕان پایتەختی هەرێمە - کەیان توپباران کردوەو ٤٠ سەرباز کوژراوە وە یەکێك بەناوی حکومەتەوە پێی لێنا کە نزیکەی ١٠٠ گولە توپ بەرشارەکە کەوتوەو وابوو بە شەش مانگ ئەم شارە لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە گەمارۆ دراوە هەروەها شۆڕشگێڕان چەندسارو خێکیان گرتۆتە فنوم پن و یەکێکیان لەنزیك بالیوزخانەی فەرەنسا تەقیوەتەوەو شەش کەسی بریندار کردووە ٠

ئەومەرجانەی پرۆژە گەورەکانی گەشەپێدان سەر ئەخەن

کۆبونەوەکانی کاربەدەستانی دەوڵەت بەسەرۆکایەتی مامۆستا صدام حسین دەربارەی پرۆژە گەورەکانی گەشەپێدان دەنگێکی گەورەی لە وڵاتدا داوەتەوە ، وە چینە نیشتمانپەروەرەکانی گەل هەریەکە بەپێی باری سەرنجی خۆیان و فازانجی وڵات باسی ئەکەن ٠ چونکە ئەم پرۆژانە دوو فازانجی گەورەو بنچینەیی بە جەماوەری گەلو وڵات ئەگەیەنن ٠ یەکەمیان دامەزراندنی پیشەسازی و پرۆژەی کشتوکاڵی قورس لەوڵاتدا کە ئەبێتە هۆی پیشەسازکردنی وڵات و پشت بەخۆ بەستن و زۆربونی کەلو پەلو هەرزان بونی شتومەك ٠ دووەمیان وەکو مامۆستا صدام وتی :

هەرزان بوونی کەلو پەلو چاك کردنی باری گوزەران و زیانی جەماوەری گەل کە بێگومان ئەرکی سەرەکی هەموو دەسەلاتدارێتی یەکی نیشتمانپەروەرو پێشکەوتن خوازە ٠ هەموو ئەیزانین کە پاشماوەیەکی ناخۆش و نالەباری وەزعی کۆن بۆ حکومەتی نیشتمانپەروەری ئیستا ماوەتەوە جگە لەوەی ئەم ئالوگۆڕەی ئێستا لەباری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتا کراوە کارێکی گەورەی کردۆتەسەر نیکرای هەموو شتێك و گەلێ شتی لەناوا لابردووەو هی تری لەجێگادا ناوەکە نەکۆنەکەبەتەواوەتی لەناوچووەو نە تازەکەش بەتەواوەتی جێگای خۆی گرتووە ٠ جا ئەم وەزعەو گرانی کەلو پەل لەدەرەوەی وڵات وە ئەو مەسەلە چارەنەکراوانەی لە ناوەوەی وڵاتا هەن هەموو پێکەوە بوون بەهۆی ئەوەی کێشەی گرانی و نەبوون یاخود کەم بوونەوەی هەندێ کەلو پەل بکەونە وڵاتەوە کە بێگومان چارەنەکردنیان نێوانی دەسەلاتدارێتی و گەل زەرەرمەند ئەکات و قازانج ئەگەیەنێت بە دوژمنانی گەلو وڵات جگەلەوەی کەفرمانی سەرەکی دەسەلاتدارێتی وڵات ئەوەیەژیان و گوزەرانی خەڵکی خۆش بکات و دوا ڕۆژیکی بەختیار بۆ گەل مسۆگەر بکات ٠ ئاشکراشە کە ئەم چارەکردنە بە ڕۆژو دوو ڕۆژ نایەتە کایەوە هەروەکو تەنیا بە حکومەئیش چارەسەر ناکرێت پێویستە حکومەت و گەل پێکەوە هاوکاری بکەن تاکو بەتەواوی ئەم مەسەلانە چارەسەر بکرێن، جگە لەوەش پێویستە کادیری پیشەسازی و کشتوکاڵی و زانستی چاك و پێشکەوتووی زۆری بۆ پێبگەیەنرێت و درێژە بدرێت بە پەروەردەکردنی هی نر تاکو بتوانن ئەم پرۆژە قورسە گەورانەی گەشەپێکردن پڕبکەنەوەو ببنە هۆی پێشخستنی وڵات و دامەزراندنی ژیان و گوزەرانێکی خۆش بۆ هاووڵاتیان ٠

ئەمانە هەمووی جێبەجێ کردنی چەند خاڵێکی گرنگی ئەوێت کە ئەمانەی خوارەوەن ، دانانی نەخشەیەکی فراوانی دیراسەت کراوی لەسەر بنچینەیەکی زانستیانە دانراوو گونجاو لەگەڵ بارو زروفی دارایی و توانای پیشەسازکردن و پێشخستنی کشتوکاڵی وڵاتدا ٠ ئینجا یەکێتیەکی پتەو لەنێوان حکومەت و گەلدا تاکو بەئاسانی ئەم نەخشانە لەپرۆژەی گەورەو ناوەندی و بچوکدا جێبەجێ بکرێن ٠ سازکردن و پەروەردە کردنی کادیری لیهاتووی شارەزا بەهۆی هەوڵ و ئێکوشانی ناوخۆو یارمەتی دەوڵەتە دۆستەکانی گەلەکەمانەوە ٠

سوك کردنی باجی گران لەسەر شانی خەڵکی بەتایبەتی دوای ئەوەی داهاتی نەوتی وڵات بەم زووانە زۆر ئەبێت لەپاڵ ئەمانەشدا جێبەجێ کردنی مەسەلەی حوکمی زاتی کە مانەوەی بەبێ چارەکردن نەك هەرکاری کردۆتە سەر باری سیاسی وڵات بەڵکو شارراوە نی یە کارێکی گەورەشی کردۆتەسەر باری ئابوری وە چارەکردنی لەنگەری باری ئابوری وڵات بەلای چاكدا ڕائەگرێت ٠ جێبەجێ کردنی ئەم خاڵانە وە هەندێکی تریش کە لەم باسە بچوکەدا ناوترێن ئەبێتە هۆی پێشخستنی وڵات ، لەدوا کاتائەڵێین هەرچەندەچارەکردنی هەموو مەسەلەیەك لەبنەڕەتەوە ئەبێتە هۆی لەناوبردنی ئەو کێشەو بەرانەی لەو مەسەلەیەوە پەیدا ئەبن وەکو هەژاری و نەبوونی و گرانی ٠٠٠ هتد ٠ بەڵام جەماوەری خەڵکی بەتایبەتی ئەوانەی دەرامەتیان کەم و ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەیان سەختە چاوەڕوانی ئەوەن کە لەگەڵ ئەو هەنگاوە بەنرخانەدا هەنگاوی ڕۆژانە لەپێناوی چاککردنی باری ژیان و گوزەرانی هەژارانی وڵاتدا بەرەو پێش بنرێت و ئیتر هیوادارین هەموو لایەکی دلسۆزی وڵات هاوکاری تەواو بکەن لەپێناوی جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژانەداو بەکارهێنانی داهاتی نەوت لەپێناوی پێشخستنی وڵات و بەختیاری جەماوەری گەلدا کە خاوەنی قازانجی راستەقینەی هەموو گۆڕانێکی پێشکەوتووانەن لە وڵاتەکەمانا ٠

سەرەك کۆمار کاك احمد حسن بکر نامەیەکی لە سەروکی سودانەوە پێگەیشت

رۆژی چوارشەممەی رابوردوو (ئا٠د٠ع) بڵاوی کردەوە کە سەرەك کۆمارکاك احمد حسن بکر نامەیەکی تایبەتی لە بەرێز محمد جعفر نمیری سەرکۆماری سودانەوە پێگەیشت ٠

سەرۆك احمد حسن بکر پیرۆزبایی لە سەرۆکی تەنزانیا کرد

سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر ئەم بروسکە پیرۆزباییەی بۆ سەرۆکی تانزانیا نارد :

بەرێز یولیوس نایریری سەرۆکی تانزانیا - دارالسلام بەبۆنەی جەژنی نیشتمانی تانزانیاوە پێخۆشحاڵم کە لەجیاتی گەلوحکومەتی عیراقو بەناوی خۆمەوە جوانترین پیروزبایی پێبکەم ٠

احمد حسن بکر
سەر کۆماری عیراق

institut kurde de paris

خەباتی رزگاریخوازی لە موستەعمەرەکانی پورتوگال دا

لەرۆژنامەی «١٦ آذر»ەوە
گراوە بەکوردی

-٢-

خەباتی چەکداری رزگاریخوازی لە ئەنگولا

ئەنگۆلا بە ٧٠٠ر٢٤٦ر١ کیلۆمیتری چوارگۆشە خاک و پێنج میلیۆن کەس نفووسەوە گەورەترین و دەولەمەندترین موستەعمەرەی پورتوگالە لە ئەفریقیا • ڕادەی نفووس لە کیلۆمیتری چوارگۆشەدا چوارکەسە و ژمارەی سەربازانی لەشکری ئیستیعماری پورتوگال گەیشتۆتە ٧٠ر٠٠٠ کەس • سەرچاوە گرنگەکانی ئەم وڵاتە بریتین لە قاوە، قامیشی شەکر، کەتان، زوراوماسی، ئاردماسی، بەردی مەعدەن (ئاسن و مەنگەنێز) و ئەلماس و نەوت و گاز ••

ئەنگۆلا ساڵی ١٤٩٠ لەلایەن ئیستیعمارگەرانی پورتوگالەوە داگیر کراو دەس بەجی بوو بە یەکێک لە گرنگترین پێگەکانی کۆکردنەوەو فرۆشتنی کۆیلە • تەلەفیاتی خەلکی ئەنگۆلا لە ڕێگای کڕین و فروشتنی کۆیلەوە کە زیاتر لە چوار سەدساڵ درێژەی هەبوو، بە شەش میلیون کەس دادەنرێ • لە کۆنفرانسی بیرلین دا وڵاتە گەورەکانی ئەودەم بەدڵ و دەروون فرەوانی و بە «ڕەسمی» ئەنگۆلایان دا بەپورتوگال • ئیستیعمارگەرانی پورتوگالیش بە لەشکرکێشان و شەڕپێ فرۆشتن کە هەتا ساڵی ١٩٢٢ درێژەی هەبوو، ئاخرەکەی بەربەرەکانی پەرش و بڵاوی خەڵکی ئەومەڵبەندەیان تێک شکاندو بەتەواوی داگیریان کرد •

ساڵی ١٩٥٣ ڕێکخراوێکی نهێنی لەروناکبیرە پێشکەوتووەکان پێک هات • بەڵام خەباتی ئەورێکخراوە تەنیا لە چەند شارێکدا بوو • ساڵی ١٩٥٦ «بزووتنەوەی گەلی رزگاریخوازی ئەنگۆلا» (ئیمپیلا) دامەزراو پێنج ساڵ دواتر لە چواری شوباتی ١٩٦١دا بە هێرش بردن بۆسەر بەندیخانەی ناوەندی «لوئاندا» (پایتەختی وڵات) خەباتی چەکداری رزگاریخوازی دەست پێ کرا • ئەورێکخراوە ئێستا لە ١٥ لیوای ئەنگۆلا لە دەیان دا بەرەی پارتیزانی پێک هێناوەو لەگەل ئیستیعمارگەرانی پارمەتی عەسکەری ڕەگەز پەرستانی ڕۆدیسیاشیان لەپشتە، شەڕ دەکا • بەشێکی زۆر لەوڵاتە رزگار بووەو حکومەتی نیشتمانی خەریکی دامەزراندن و قوتابخانەو دەرمانخانەو خانووبەرە بۆ خەڵکی ئەوڵاتەیە •

ڕێکخراوی رزگاریخوازی ئیستا هێرشی بردۆتە سەر مەلبەندی ژمارەشەش، چونکەلەو مەلبەندەو لە دراوسێیەتی نامیبیادا ئیستیعمارگەرانی پورتوگال، ڕەگەزپەرستانی ئەفریقیای جنوبی خەریکن بڕۆژەیەکی ئیستیعماری لەسەر چۆمی (کوونە) دروست دەکەن • بەگوێرەی ئەوپرۆژەیە لەوچۆمەدا چەند سەددێکی ئاوو ناوەندی کارەبا دروست دەکرێن • خەلکی ناوچەکە لەومەلبەندە دەردەکرێن و جێگاکەیان دەدرێ بە سپی پێستانی ئوروپایی کە زوربەیان سەربازو دەرەجەداری سوپای ئیستیعمارین • هەرموهاجیرێکی سپی پێست ١٥٠ هێکتار زەوی کێڵان یا لەوەرگەی بۆ ئاژەڵداری دەدرێتێ خەرجی سەفەریان خۆڕایی یەو خانوبەرەو جێگاورێگاش هەر موهاجیرێک نیزیکەی دەهەزار دۆلار ئیعتباری بانکی وەردەگرێ ئیستیعمارگەران هێزی کاری هەرزانیش دەدەن بەموهاجیرانە دژی داگیرکەران نەپساوەتەوە • بەڵام لەبەرئەوەی بەربەرەکانیە کەلێک بڵاو بوو و زیاتر باری عەشیرەتی و ناوچەیی هەبوو نەیتوانی سەرکەوێ • ئاخرەکەی لەورێکخراوە رزگاریخوازانە کە لە ٥٠ ساڵی دوایی دا پێکهاتبوون، فرلیموو (بەرەی رزگاریخوازی موزامبیق) دروست بوو کە دوکتور ادواردومو ندلانە سەرۆکایەتی دەکرد • پاش کوژرانی ئەو، سامورا بوو بە سەرۆکی بەرەومارچینودوس ساندوس بوو بە یارمەتی دەری جەبهە •

لەبەرئەوەی هەموو ریگایەکی خەباتی هێمنانە بۆ رزگاری موزامبیق لەلایەن ئیستیعمارگەرانەوە بەسترابوو، بەرەی رزگاریخوازی موزامبیق (فرلیموو) کە ٢٥ی ئابی ١٩٦٢ دامەزراوبو، لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٦٤دا خەباتی چەکداری دەست پێ کرد • ئێستا چواریەکیکی وڵات رزگار بووە و زیاتر لەمیلیونێک کەس لەمەڵبەندە ئازادکراوەکاندا دەژین • ئیستیعمار گەرانی پورتوگال بەیارمەتی و بەشداری راستەوخۆی حکوومەتی رەگەزپەرستانی رۆدیسیاو ئەفریقیای جنوبی هەوڵ دەدەن بەرگری لەبەرەوپێش چوونی هێزە رزگاریخوازەکانی موزامبیق بکەن: مەلبەندە ئازادکراوەکان بەناپاڵمو کەرەستەی شیمیایی بۆمباران دەکەن، کوشتار لە خەڵکی ناوچەکە دەکەن و لە هۆردووگا گەورەکاندا حەپسیان دەکەن، بەڵکوو بتوانن پێشی پشتیوانی خەڵک لەهێزە چەکدارە رزگاریخوازەکان بگرن •

راوێژکەرە عەسکەریەکانی یانکی، ئەوانەی لە ڤیتنام کاریان کردوە، بەکرێ دەگرن و تەنانەت لەسەربازی بەکرێگیراوی سپی پێست و شکنجەچی یە سەهیونیەکانی

بروانە ل ٧

رایەک لە چینەوە :

راگەیاندنی شۆڕشگێڕانە ئەبێ چۆن بێت؟

★ فەهمی قەرداغی ★

پەروەردەکردنی جەماوەرەتاوەکوو بتوانێ بەرژەوەندی و ئەرکە تایبەتیەکانی و سیاسەتی گشتی و دیاری کراوی پارتی بزانێ و خەبات بکات بۆ رزگارکردنی خۆی •

ئەمەش ئەوە ناگرێتەوە کە ڕۆژنامەکان بۆ هەموو خوێنەران بنووسێ دروشمی خزمەت کردنی خوێنەران، هەموو خوێنەران، دروشمێکی بورجوازی پانەیە مانای تێنەگەیشتنی باری چینایەتی و مۆرکی چینایەتی ڕۆژنامەگەری یە •• چونکە خوێنەران هەمووڵەیەک چین نین •

ڕۆژنامەگەری نیە پەیوەندی بەچین (طبقە)ەوە نەبێت ئەو ڕۆژنامەیەی بەڕاستی بۆ کرێکاران ئەنووسێ، ناتوانێ دڵی سەرمایەدارەکان رابگرێت وە هەروەها ئەو ڕۆژنامەیە بەڕاستی بۆ سەرمایەدارەکان ئەنووسێ دڵی کرێکارانی پێ ڕاگیر ناکرێ • ڕۆژنامەگەری شۆڕشگێڕ تەنیا پێویستی و خواستی چینە شۆڕشگێڕەکان جێ بەجێ ئەکات •• هەرکاتێ ویستی بەدڵی هەموو کەسێک بنووسێ بێ شک تووشی دەردی (ئینتیهازیەت) ئەبێ بەڵکو هەر بۆیە ڕۆژنامەگەری وەکوو هەموو لایەنەکانی سیاسی و روشنبیری و یاسایی لەکۆمەڵێکی چینایەتی دا مۆرکی چینایەتی پیوە ئەنرێ ماوتسی تونگ ئەڵێ :-

« پێش نەمانی چینەکان، هەموو ڕۆژنامەو چاپکراوو ئیستگەو ئاژانسەکانی دەنگوباس مۆرکێکی چینایەتی ئەبێ و خزمەتی چینێکی تایبەتی ئەکات » •

ڕۆژنامەگەری یان ئەبێ لەژێر دەستی بورجوازیەت دا بێت یان ئەبێ بەدەست پرۆلیتاریاوە بێت • بێ گومان تەنیا ڕۆژنامە نووسەکانی شۆڕشگێڕەکان ئەتوانن خزمەتی پرۆلیتاریا بکەنوە ئەتوانن مەوزوعیانە لە رووداوەکانی جیهان بدوێن و نۆکە ڕەمیان ئاراستەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان بکەن • بەڵام ئەو ڕۆژنامەی بیروباوەری هەمە جۆرە بڵاو ئەکەنەوە هەندێکیان بەرژەوەندی بورجوازی و کۆنەپەرستان ئەپارێزن، وە سیفەتی شۆڕشگێڕی ون ئەکەن، ڕۆژنامە نووسی شۆڕشگێڕ ئەبێ هەر بیروباوەری شۆڕشگێڕی بڵاوبکاتەوە • لینین ئەڵێ :-

« ڕۆژنامەکانمان زمانی

بروانە ل ٧

ئەفەریقای تێکۆشەر

پورتوگال و ژێردەستەکانی

-٦-

لەو بەشانەی پێشوی ئەم باسەدا کە لە ژمارەکانی پێشودا بڵاومان کردنەوە، کورتە مێژوویەکی داگیرکردنی ئەفەریقا و کارە ئیمپریالیستیانەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیست و داگیرکەرەکان و هەروەها کورتە مێژوویەکی بەرهەڵستی و خەباتی گەلانی ئەوەریقا دژی داگیرکردن و لەپێناوی رزگاری و سەربەخۆییدا پێشکەش کردن • جا لەبەر ئەوەی پورتوگال لاسارترین و کەللەرەقترین داگیرکەرەو ئێستا نزیکەی هەموو وڵاتە رزگارنەبووەکانی ئەفەریقا بەدەس سیاسەتە ئیمپریالیستیانەکانی یەوە ئەنالێنن، بۆیە بەپێویستمان زانی کە باسێکی پورتوگال خۆش بکەین، تا روونتر لەبارە گشتیەکەی ئەفەریقا تێ بگەین •

★ پورتوگال ★

ژمارەی دانیشتوانی پورتوگال ٩ ملیون کەسەو، بەرینی خاکەکەی نزیکەی ٩٢ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە کە هەر بەقەد پانایی موزەمبیقە هەژارترین وڵاتی ئەوروپایەو نزیکەی ٣٠٪ی خەلکەکەی نەخوێندەوارن، کەچی زۆری پتر لە ٧٠٠ هەزار دۆلار خەرجی جەنگەکانیتی لە ئەفەریقادا • نیوەی دانیشتوانی خەلکی لادێو بەکشت و کاڵەوە خەریکن، بەڵام ٤٥٪ی زەویە چاکە بەپیت و بەرەکەتەکان بەدەست تەنیا ٤٪ی خەلکی پورتوگالەوەیە، وائە چەند زەوی بەدەست ٥٠٠ دەرەبەگەوەیە، هەر ئەوەندەش بەدەست ٥٠٠ هەزار مولکداری بچوکەوەیە •

پیشەسازی پورتوگال دوا کەوتوەو ئەوەش کە هەیە بەدەست چەند سەرمایەدارێکی گەورەوەیەو ئەمانیش بە مۆنۆپۆلیستە ئەمەریکایی و ئینگلیزەکانەوە بەستراون •

داهاتی کریکاری پورتوگال ڕۆژی ٢ دۆلارە، کە ئەمە شەش یەکی داهاتی کریکارانە لە وڵاتەکانی تری ئەوروپای ڕۆژئاوا • ژمارەی بێکار زۆر زۆرە، لەماوەی نێوان ١٩٦٠ - ١٩٧٠دا، ملیونێک زیاتر بەدوای کارا کۆچیان کردوە بۆ وڵاتەکانی تری ئەوروپا (ئەم ژمارەیە ١٠٪ی هەموو دانیشتوانی پورتوگالە) • بەشی زۆری ئەوەی پورتوگال بەدەرەوەی ئەفرۆشێت ئەو کەرەسە خاوانەیە کە بە تاڵان کردنی ژێردەستەکانیو چەوساندنەوەی خەلکەکانیان دەستی ئەکەوێت، ئەزانین بڵێین کە هەموو شتێکی پێویست لەوڵاتانی دەرەوە ئەکرێت، بەتایبەتی چەک و نفاقی تری جەنگ •

پورتوگال کۆنترین دەوڵەتی ئەروپایە داگیرکەرە لە ئەفەریقادا • پورتوگال لەسەرەتای سەدەی ١٥ هەمەوە بەناردنی قەشەو پیاوی دینی و ئینجا وردە وردە سەرباز ناردن دەستی بەداگیرکردنی ئەمقارەیە کردووە، تاساڵی ١٨٣٦ پش لای زۆری چالاکیە نابوریەکانی بریتی بوە «بازرگانی بەندە»، تەنیا هەر لە ئەنگۆلا ٣ ملیون کەس زیاتری «راو» کردوەو وەک بەندە لەبازارەکانی بەندە فرۆشی دنیادا فرۆشتونی بەڵام پاش قەدەغەکردنی (بەندەگیری) و (بەندەفرۆشی) - لەکۆتایی سەدەی نوزدەدا داگیرکەرە پورتوگالیەکان لە وڵاتە ژێردەستەکانیدا (مستعمرە) بەشێوەیەکی نوێ بەندەکەری ئەکرد، یاسای نوێی سوخرەیان دەرکردو ئینجام بەم جۆرەیان ملیونەها خەلکی ستەمدیدەی ئەفەریقاییان کردە سوخرەکێش •

پاش ئەوەی (ساڵەزار) ساڵی ١٩٢٨ بەکودەتایەکی سوپایی دەسەڵاتی گرتەدەست شێوەیەکی نوێی ئیستیعمارگەری هێنایەکایەوە، ڕژیمەکەی هەوڵی ئەوەی ئەدا کە بەهەر فروفیل و نرخێک بێت لەناو خەلکی ئەفەریقادا کەسانی سەربەخۆیان - نۆکەر - دروست بکەن تاڵەم ریگایەوە باشتر بەرژەوەندیەکانی خۆیان بپارێزن، بەڵام ئەم نەخشە گلاوە لە سەر بەردی خەباتی دلێرانەی گەلانی ئەفەریقا وردوخاش بوو •

ساڵی ١٩٥١، پورتوگال، لەپێناوی کپ کردنەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی پەرەسەندوی گەلانی ئەفەریقادا بەپێی بڕیارێک وڵاتە ژێردەستەکانی خۆی هەریەکەیانی کرد بە وڵایەتێک لەپورتوگالەوە کەوتە هاندانی پورتوگالیەکان بەرەو ئەفەریقا کۆچ بکەن. تاڵەم ڕێیەوە بتوانن پایەی حکومەت (سپی یەکان)ی سەربەخۆیان دامەزرێنن •

لەم ڕۆژانەش ئەپەڕبوونی ٤٠٠ ساڵ بەسەر کۆلایە «شارستانی کردنی ئەفەریقادا، تەنیا ٥٪ی خەلکی گینیا - بیساو، ١٠٪ی خەلکی ئەنگۆلا، ١٥٪ی خەلکی موزەمبیق خوێندنەوەو نووسین ئەزانن، خوێندنی زمانی پورتوگالیش لەو وڵاتانەدا بەزۆرەو سەقافەتی نەتەوایەتی گەلانی ئەفەریقا بێشێل ئەکرێت و هەوڵیش ئەدەن کە لە بنەڕەتەوە لەناری بەرن •

لەسەدا نەوەدو پێنجی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە ئەبێ پێناسی تایبەتی یان هەبێت و هەموو معلوماتێکی تەواوی تیا نوسرابێت و هیچ کە سێک بێ ئاگادارکردنی پۆلیس بۆی نیە

بروانە ل ٧



راپۆرتێک لەخاکی رزگار کراوی ئەرتیریاوە :

شۆڕشگێڕان بەتوندی بەگژ هێزەکانی حەبەشدا دەچن

بەرەی رزگاریخوازی ئەرتیریا ئەم چەند هەواڵەی بڵاوکردەوە :

١ - شۆڕشگێڕان فرۆکەیەکی هەلیکۆپتەری سەر بە هێزەکانی حەبەشەیان لە ناوچەی (قەندە) خستۆتە خوارەوەو لەئەنجاما کۆڵۆنێل (کتمادیما) و چوار ئەفسەری تر کوژران • هەروەها لە ١٠-١٢-١٩٧٣ شەڕێکی قورس لەناوچەی (مای ئولد) کە (٢٠) کیلومەتر لە (ئەسمەرا)وە دورە قەوماوەو لەئەنجاما ٣٠ سەربازی دوژمن کوژراون و (٤٢)ی تر بریندار بوون •

٢ - لە ئەنجامی بزوتنەوەی ئازایانەی شۆڕشگێڕانمان لەناو شاری (ئەسمەرا)دا دوژمن بەتەواوی سەری لێ شێواوەو هەر کە تاریکایی دا هات ئیتر تاوەکو بەرەبەیانی هاتوچۆی تیا قەدەغە ئەکریت •

ئەوەی شایانی باسە ئیش بێ لەم دوایی یەدا شۆڕشگێڕان لەناو (ئەسمەرا)ی پایتەختا جەنەرال (پلیمائەلیمۆ)یان کوشتبوو، هەروەها (ئەلۆکەر)ی سیخوڕی ناسراویشیان لەناو برد •• وە لەکاتی نمایشی لەشکردا بەلێکی شۆڕشگێڕ پەلاماری سەربازەکانی مەلبەندی حکومەتیان دابوو وە ماوەیەک تیاما بوونەوە پاش ئەوەی یاساوڵەکانیان کوشتبوو •

٣ - کاربەدەستانی حەبەشە دەدەستیان کردوە بە دوور خستنەوەی هاوولاتیە ئەرتیریەکان لەکاروباری حکومەت بەتایبەتی ئەوانەی لەهێزی پۆلیس یان دەزگای موخابەراتدا کاردەکەن و لە جیاتی ئەمان خەلکی حەبەشە دادەمەزرێنن •

٤- هاونیشتمانیانی ئەرتیریا بە ئەوپەڕی دڵخۆشییەوە گوێیان لەدەنگوباسی سەرکەوتنەکانی گەلی عەرەب دەگرت لە شەڕەکەی ئەم دوایی یەیاندا رووی بەرووی سەهیۆنیەکان و سەرکەوتنی گەلی عەرەب بەسەر سەهیۆنی دوژمندا بە سەرکەوتنی خۆی دادەنێ و نزیکیشی دەخاتەوە لەو سەرکەوتنە •

بەڵام ئەوەی کە بەراستی سەرنج ڕادەکێشی ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆری پسپۆڕی هەمەجۆرەی ئیسرائیلی ئیستاکە لە حەبەشەدا کاردەکەن تەنانەت کاربەدەستانی حەبەشە لە شەڕەکەی ئەم دوایی یەدا نەخۆشخانەکانی ئەرتیریایان ئامادەکردبوو بۆ تیمارکردنی سەربازە بریندارەکانی ئیسرائیل •

٥ - کۆمپانیایەکی حەبەشەیی و ژاپۆنی هاوبەش دەستیان کردۆتەگەڕان بەدوای (مس)دا بۆ بەرهەمهێنانی •• سەرمایەی ئەم کۆمپانیایە (٦٠) ملیۆن دۆلارەو نەساڵی یەکەمدا بایی (٢٠) ملیۆن دۆلار بەرهەمی مس دەفرۆشرێتە دەرەوەو لەساڵی ١٩٨٠دا لە توانایدا دەبێ بایی (٢٤٠) ملیۆن دۆلار مس بفرۆشێ •

ئینجا بۆ ئەوەی ئەم کۆمپانیایە بەسەربەستی ئیشی خۆی بکات و بەباشترین شیوە سامانی سروشتی ئەرتیریا بە تاڵان بەرێ •• پێشەکی ژاپونیا (٣٧) ملیۆن دۆلاری دەستە قەرزی داوەتە حکومەتی حەبەشە •• هەروەها قەرزێکی درێژخایەنی تری داوەتێ کە خۆی لە (٥٢) ملیۆن دۆلاردەدا

لاپەڕە - ٢ -

institut kurde de paris

چیای کیونلیون

شیعری ماوتسی تۆنگ
ئەرسۆ کردوویە بە کوردی

لەم ناوچەدا ..
لووتکەی چیای کیونلیون
بەڕووی ئاسمانا هەڵچووە
ئەی کیونلیون ..!
تۆ جوانترین چوانی دنیای مرۆڤت بینیوە
بەڵام .. هەزارەها درندەی پیر
بەری تیشکی سووری ئاسمانیان لێ گرتین
نوقمی وەیشوەی سەهۆڵ بەندانی زستانیان کردیت
لە هاوین‌دا ..
چۆڕاوگەی دڵۆپی ئاوی
تواوەی بەفری سەر باڵت
لەجۆگەو رووبارەکاندا پەنگ دەداتەوە
ئەی کیونلیون .. !
نازانم کام پیاوچاکی سەر ئەم زەمینە
چاکەو خراپەی هەزاران پایزی رابوردوت
بۆ ئەم گەلە دەستنیشان دەکات
بەڵام ئەمرۆ .. من پێت دەڵێم :
لەم خاکە ئازاد کراوەدا
چیتر پێویست بەم هەڵچوونەت بەئاسمانا ناکات
چیتر پێویست بەم هەموو بەفرەی سەد شانت ناکات
بۆیە دەڵێم : گەربۆم بلوێ
شیر لەکالان رادە کێشم
دەت کەمە سێ پارچە
یەکیان دەنێرمە ئەوروپا
پارچەی دووەم بۆ ئەمەریکا
سێ یەمیشیان لە رۆژهەڵاتا بمێنێ
تا ئەو رۆژەی هەموو خەرمانێکی
سەرماو گەرمات
بەسەر جیهاندا دابەش دەکرێت
ئێجا رەنگی ئاشتی‌ی هەتا هەتایی
لەسەر زەمیندا خۆی دادەکوتێ

سەرنجێك دەربارەی
ژیان و شیعری شێخ رەزای تاڵەبانی

فاضل کریم احمد

شێخ رزا کوڕی شێخ عبدالرحمان خالصی‌ی تاڵەبانی‌یە کە زانایەکی ئاینی‌ی شارەزاو ناودار بوو ، هەروەکوو یەکێکیش بوو لە شێخەکانی تەریقەتی قادری • واتە شێخ رەزا لەبنەماڵەیەکی وەهادا هاتە دنیاوە ، کە بۆجۆری ژیان‌و شاعیرێتی دوا رۆژی یاریدەدەری بوو • کە تەمەنی گەیشتە بیست‌و پینج ساڵی ، باوکی ریگای بۆخۆش کرد سەفەربکات بۆ ئەستەمبول • وە لەگەڕانەوەیدا ، لەریگا هەواڵی مردنی باوکی بیست • بەڵام لەرووی شیعرەوە ، بەرهەمی ئەم ماوەیەی شێوەیەکی ئاشکرای نی‌یە • بەڵکوو بریتی‌یە لەکۆمەڵە غەزەلێکی دڵداری‌ی سەرنەکەوتوو •

دوای مردنی باوکی ، هەستی کرد شێخ عەلی‌ی براگەورەی ، لەهەموو دارایی‌و میراتێك بێبەشی ئەکات • ئەمە بەتوندی کاری تێ کرد • تا وای لێ کرد لەوە زیاتر خۆی پێ رانەگیرێ ، بەناچاری شاری کەرکووك بەجێ بهێڵێ‌و بەدڵشکاوی رووبکاتە شاری کۆیە • لەوێ کە ژیانی نوێی‌ی خۆی لەگەڵ وێنەی تەڵخی یادگاری کەرکووك بە راووزد ئەکا ، ئەڵێ :

پێم خۆشە لەبەر جەوری براو لومەیی ئەقوام
صەد جار لەغەریبی بکەووم موفلیس‌و مەفلووك
ئەو ئازارەی لەدەستی کاکەی نۆشی‌بووی ، ئەبێتە هۆی ئەوەی شاری کەرکووکیش بداتە بەر پرپشکی رق‌و تووڕەبوونی کە ئەڵێ :

بۆچ بچمەوە کەرکووکی قوڕ مساغ کە لەگەڵ من
ئەهلی هەموو ناسازە وەکوو ئاوی حەمامۆك

بە ئومیدی ئەوی کە ئەتوانی لە شاری کۆیەدا جیگیر ببێ‌و بحەوێتەوە ، دەست لەسەو سەفەرەی تری ئەستەموولی هەڵئەگرێ کە بریاری بۆ دابوو • بۆ ماوەی شەش مانگ لەسەر بەڵێنەکانی غەفووری مامی بە ئاواتی ژن هێنانەوە لە هۆرمێکی ئەفسانەاوی خۆشدا ئەفرێ لەم ماوەیەدا هەست بە ئاسوودەگی ئەکات لە غەزەلێکی جواندا وەسفی «دولبەرانی کۆیە» ئەکات‌و ئارەزووی بەرامبەر جوانێکی کۆیە دەرئەبڕێت •

شێخ رەزا شاعیرێکی زۆر بەهرەمەند بووە ، دەسێکی بالای لە ئەدەبیاتی کوردی‌و فارسی‌و عەرەبی‌و تورکی‌دا بووەو بەم چوار زمانە شیعری داناوە، وە نەبێ تەنیا خۆی شانازی پەمە کردبێت (شێخ رەزام‌و بەفەصاحەت لەجیهاندا مەشهور) بەڵکو زۆر نوسەرو ئەدیب پەنجەیان بۆ ئەم نوختەیە راکێشاوە ، میستەر ئەدمۆنس هەستی بەتواناو هێزی وشەی‌ی کردوەو بە (زۆر کەلام) وەسفی کردوە ، وەکو فارس ئەڵێت • وە مامۆستا رەفیق حیلمی شیعرەکانی بەنموونەی بەلاغەت داناوە •• بەڵام بەلاغەت هەرگیز بۆ شیعری شەڕو داستان بەکارئەهێنرێت نەك بۆ هەجوی توندوتیژ وەك شێخ رەزا بەکاری‌هێناوە • میستەر ئەدمۆنس دیسانەوە ئەڵێت « کوردی شارەزوور وا دەرئەکەوێ کە هەروەکو فارسە دراوسێکانیان ، پی‌دراوی‌ی شیعری هەجوو لەناو خوێنەوارەکانیاندا بلاوە ، هەتا لەناو نەخوێندەوارەکانیشیانا کەم نیە » ئەوەش بزانین بۆچ گشت شاعیرە کوردەکان ئالودەی ئەدەبی فارسی بوون ، تەنیا شێخ رەزا ئەم ریبازەی گرتەبەر • بی‌گومان لێکڕلینەوەیەکی سایکولۆجی نەبێ ، ناتوانین بەشێوەیەکی زانستی یانە ئەم باسە لێك بدەینەوە •

یەکەم نوختە : هەجوەکانی غەفوری مامی لەوە ناچێت هی شاگردێکی ساکار بێت ، ئەوەندە ئەوە ئەنوێنێ هی مامۆستایەکی شارەزابێت • بۆیە وا ئەڵێم تەم‌و مژی ئەم تیحتیمالە لاچێت کە دەست‌پێ‌کردنی شیعری هەجوو ئەنجامی مەرگی باوکی بێت‌و نائومید کردنی لەدارایی دنیا ، بەڵای زروفی ماڵەوەی ریگای بۆ خۆش کرد • کە هەوەسێکی خودی بێت بۆ هەجوو پێش تەمەنی بیست‌و پێنج ساڵەی کۆتایی هات - بەڵام ئەو چڵپاوی نائومیدیە کە خۆی تیدا دیەوە پاش مەرگی باوکی بوە هۆی روخاندنی (الانا العلیا) و دەرکەوتنی تاڕمایی (الانا السفلی) بێ‌ئەوەی هیچ پەردەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر بمێنێ ، چونکە ئەو هەموو کۆشکە جوانانەی خەیاڵی یەکە یەکە وەکوو شووشە شکان ، تەڵاشەکانی چەقیە دەروونی‌و لە پلەکانی کۆمەڵ خلیسکایە خوارەوە • ئیتر ئەو کاتە (الانا السفلی) جڵەوی ئازادی لەدەست (الانا العلیا) دەرکردو بەرە بەرە هێرش ئەباتە سەر (شتە پیرۆزەکانی کۆمەڵ) •

ئەیەوێ چەنێك خوو رەوشت‌و نەریتی کۆمەڵایەتی هەیە بیروخێنێ ، بۆیە لەگشت بواریکا وێنەی ئەم ئارەزوە بریندارەی دەرخستوەو نەیەویستوە هیچ (فضیلە)یەك نیشان‌دات • وە ئەبێ ئەوە بڵێین ئەگەر شێخ رەزا توشی ئەو کارەساتە ناخۆشانە نەبوایە ، دوور نەبوو لەسەر ئەم ریبازە شیعری نەنووسیبایە •

شێخ رەزا وەنەبێ هەڵویستی تایبەتی خۆی دیاری نەکردبێت لەکەسێك بەگوێرەی پلەی چینایەتی ئەو کەسە لە کۆمەڵدا • بەشێوازێکی کاریکاتێری‌یانە گاڵتەی بەزۆر لە نۆینەرانی چینە دەسەڵات •• دارەکان کردوە (بۆ مودیری قزلجە ، هەجوی قاضی‌کۆیە ، مودیری تەحریرات •• هتد) و هیچ درێخێکی لێیان نەکردوە، نەك تەنیا دەست درێژکات بۆ هەندێ رووی دەرەوە ، بەڵکو بە بیرێکی ورد ئیشارەتی بۆ زۆر شتی زانستی کردووە ، وە وێنەی هەستی ناوەوەی مرۆڤەکانی کێشاوە :

لەبەگ وابو کەمن ماتم کشی کرد
کەمن هەستام ئەو دامە فشی کرد

ئەبی ئەوە بزانین کاتێك شێخ رەزا بەم ئسلوبە بۆ خەڵك دواوە ، پلەی فیکری کۆمەڵ لەرادەیەکی‌زۆر نزم‌دابوە مەگەر هەر شیعری شێخ رەزا بێداری ویژدانی ئەو خەڵکانەی بگردایەوە وە ئەتوانین ئەم بلیمەتە بەیەکەم شاعیری کوردی یاخی بژمێرین دژی ریژیمی دەرەبەگایەتی‌و بەربەرەکانی لەگەڵیا کردوە ، ورووە ناسازەکانی بەپەن کردوە •

رەخنەکانی‌دژی فەرمانبەرانی دەوڵەتی‌عوسمانی‌و بەپەن کردنی پیاوە ئایینیەکان کە لەژێر پەردەی ئایین بازرگانیان ئەکرد ئەم دوو لایە لەبیری شێخ رەزا زۆر نزیکە لەبیری لیبرالیزمەوە کە ئەو سەردەمە لەکەشەبوون‌دا بوە رەخنە ئاگرینەکانی ئاراستەی ئەو کەسانە کردوە ، قەڵبی دیوی دەرەوەیانی ئاشکرا کردوە ، کە خەڵکیان پی‌ی ئەخەڵەتاند :

خۆش هاتە جواب‌و وتی : تۆ حەقتە وەڵی من
سالێکە فرۆشتومە ئیمانم بەقرۆشێ ـ ل ٨٠

وە گاڵتەی بە نەنووستنی شیخەکان کردوە :

لازمە بۆ شێخ سبەینان گورگە خەو
تابڵێن شێخ عابدەو نانوی بەشەو ل ٩١

گاڵتەی شێخ رەزا ، وە وێنە کاریکاتیریەکانی گەیشتۆتە رادەیەك ، هەندی شتی (وەکوو ئەندامی سیکس ، شوبهاندوە بە سەرو گوێلاکی شێخ‌و مەلاکان وە مەبەستی نزم کردنەوەی شوینی ئەوانە لەکۆمەڵدا •

شێخ رەزا لەزۆر شوێندا « ضمیر المتکلم » ی بەکارهێناوە خۆی لەچیکای ئەو کەسە داناوە کە گەرەگی بوە بە پەنی کات‌و شەرەفی بشکێنی، وەکوو قەسیدەی « ستایشی ئەحمەد پاشای بابان » کەوا دێتە پێش چاو باسی سەرکوزشتەی خۆیەتی • بەڵام کۆکردنەوەی رووداوێکی سەرشۆرکەر ، لەگەڵ ناوی ئەحمەد پاشای بابان ، مەبەستی نیشان‌دانی رەوشتی ئەحمەد پاشایە ، نەك رەوشتی خۆی کاتێك نووشی ئەو کارەساتە ئەبێت پەنا ئەباتە « وەلی نعمەتی فرخندە شعار » « یعنی هەم نامی نەبی حەزرەتی ئەحمەد پاشا ، فەخری دین ، کانی حەیا ، بەحری کەرم ، کوهی‌و قار » لەکۆتایی‌دا جاریکی‌تر رووی تێ‌ئەکات بەگاڵتەیەکەوە پی‌ی ئەڵێت :

شاه سواریکی وەکو تومان هەبی باکمان چیە
تویش لەحەققەت‌دا سواریکی وەکو ئەسفەندیار ل٣٩

لەلایەکی‌ترەوە ئەگەر سەیری هونەرمەندی بکەین ، ئەبینین فەرهەنگیکی فراوانی زمانی لەبەربوەو بەچاکی گراماتیکی بەکارهێناوە ، بۆیەزۆرزوردبوە لەبەکارهێنانی وشە و هەر وشەیەکی بەپرختەیی لەشوێن خۆی داناوە • وکاتێك شیعری دارشتوە ئاگاداری نهێنیکانی رەوانبێژی بوە ، جۆرە وشەی سەیر سەیری هەڵبژاردووە بەنیاڵی هیچ کەسیکا گوزەر ناکات شێخ رەزا بۆ ئەوەی هێزێکی کاریگەر وێژبەخشی

بروانە ل -٧-

لە ئەدەبی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیاوە

هیندستان
میراتی کۆن و نوێ کردنەوە لە ئەدەبدا

نووسینی : پراکاش شاندرا
تێ‌بینی

گوفاری « لۆتس » کە یەکێتی‌ی نووسەرانی ئاسیاو ئەفریقا بەزمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی‌و فەرەنسی دەری دەکات ، بەشێکی لە ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٧٢) تەرخان‌کردوە بۆ لیندوانی مەسەلەی (میراتی کۆن‌و نوێ‌کردنەوە لە ئەدەبدا) کە ئەدیبان (مۆلك راج‌و پراکاش شاندراو سانت سینگ لە هیندستانەوەو مەولوود معەمەری لە جەزائیرەوەو محەمەد زنێبر لە مەراکشەوەو یوسف شارۆنی لە میسرەوە) بەشداری‌یان تیاکردوە •

جا ئەگەرسەرنج بدەن هەرلەو ساڵەدا (سەرەتای ١٩٧٢) ، گوفارو رۆژنامەو کۆڕو کۆمەڵە ئەدەبی‌یەکانی لای ئێمەش ، لە گەرمەی لێدوان‌و دەمەتەقی کردندا بوون لەسەر ئەو مەسەلەیە ، کە تاکوی ئێستاکەش زۆرکەم قسەو باسی لەکایەدا هەرماوە •

من لێرەدا کورت ترینی ئەو وتارانەی « لۆتس » تان بۆ ئەکەم بەکوردی‌و ئەیخەمە پێش‌چاوتان ، کە بە کەمێك تێوردبوونەوەی بۆتان دەرئەکەوێ چە لەیەگچوونێکی تیدایە لەگەڵ باری ئەدەبی‌ی لای‌خۆمان « پێگومان سەبارەت بەم مەسەلەیە » •

حسین عارف

✖ ✖

میراتی کۆن‌و تاقی‌کردنەوەی بەردەوام‌و هەمیشە بۆ بێشەوە چوون ، سێ ئەلقەی جۆش خواردووی یەك زنجیرن • بەبێ میرات ناجارئەبین هەموو شت لەنووکەوە دەست‌پێ‌بکەینەوە • واتە بە بێ‌میراتی هەزاران ساڵەی کاروانی شارستانێتی‌و زانستی‌و رۆشنبیری‌و هونەری‌و ئەدەبی‌ی کەلەکەبوو ، پێگومان تووشی کارەساتێکی سامناك ئەبین • لەو حاڵەدا بۆ نموونە ئەبێ سەرلەنوێ فێری زمان ببینەوەو بەرەی پی‌بدەین ، بەهەموو وردەکاری‌و پێچ‌و پەنایەکی‌یەوە ، کە ئەبێ دووبارە بوخت‌و باراوی کەین‌و رای‌بێنین‌و بێگونجێنینەوە تا خلتەو لیتەی بێوە نەمێنێ‌و بتوانێ خۆی بکوێتەوە تا هەست‌و دڵ‌و گیان • کەوابوو ئادەمیزاد بەبێ گشت ئەو دەسکەوتانەی رابوردووی ، ئەبێتە گیان لەبەرێکی دەستەوەوستانی پەتیارە !

وەکی تریش ، ئێمە هەرگیز لە توانامانداینی‌یە ببینە دیلی دەستی میراتی دەقگرتووی کۆن • بەلکوو هەمیشەو چەرخ لەدوای چەرخ ، بەرێگای زانست‌و دەسکەوتی نوێ‌تردا ، بەرەو پێشەوە ئەچین • ئێمە لە رووی میراتدا دەستەوەوستان ناوەستین • ئەگەرچی وەهاش هەڵناسووڕێین کە سەرابای ئەو میراتە وازلێ‌بێنین‌و تووڕی دەینە سەرەنوێکی مێژووە •

میراتی زیندوو رووبارێکەو هەردەم لە بەری ئەڕوات• میرات نابێ بکرێتە زەلکاوێکی بۆگەن • لەرابوردووی مرۆڤایەتیدا زۆر نموونەی گەندەڵ هەن کە ئەبێ پشت‌گوێ بخرێن • چونکە ئەو رەووشت‌و نەریت‌و بیروباوەڕانەی بە هەر شێوەیەك بۆ پلەیەکی مێژووی‌یی لەوەبەر بەسەند بووبن ، بۆ ئێستا دەس ئادەن‌و ئەبنە کۆسپ • لەبەر ئەوە رۆشنبیری پێش‌کەوتنخوازی ئەم سەردەمە ، ئەبێ تۆوی بیرکردنەوەی زانیاریانە بچێنێ • شت بەهەموو بارەکانیاوەرد گاتەوە • هەڵویستی رەخنەگرانە بێت‌و لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنی جاکترین بیروڕاوڕیازو بیرفراوانی بنیات نرابێ • بێوەستە ئازاو نەترس‌و یاخی‌بێ • بەڵام نەك بەباری ئازاوەچێتی‌و بەدبینی‌و وێنبوونا •

هیچ پێش‌کەوتنێکی بایەخدارو رەسەن لە ئەدەبدا ، بەبێ شان‌دادانە سەرمیراتی‌یەدی ناهێنرێت • زمان لەبەرەسەندنیدا هێندە نەرم‌و سووك‌و سۆل بوە ، کە دەسەڵاتی بەدەستەوەدانی ملیونەها زنجیرەوێنەو یادکاری ئەوتۆی بەیداکردوە کە بەتێ‌بەڕبوونی کات ، لەگەڵ میراتدا توند بەناو یەکدا جۆشیان خواردوە • ئێستاش لە ریگەی هەزاران سەرچاوەی تری سەردەمەوە، بەردەوام لە دەوڵەمەند بوون‌و بەرەسەندندایە •

میرات‌و جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی‌و بەهرە ، پێکەوە جۆری مێژووی کۆمەڵایەتی‌و ئەدەبی پێك ئەهێنن • هەر کەسێك بگریت ، خۆی بیەوێ‌و نەیەوێ ، بەشی هەرەگەورەی بوون‌و هەڵس‌و کەوتی لەژیاندا ، بەندە بەمیراتەوە • واتە بەندە بە باوو باپیرانەوە • بەڵام هەر لەهەمان کاتدا ، خاوەنی زۆر شتی تایبەتی‌ی خۆیەتی • زۆر شت کە هەرگیز کەسێکی‌تر لەپێش ئەودا خاوەنی نەبوە • جا لێرەوە (شخصیە)ی تایبەتی‌ی خاوەن رەنگ‌و رووخسارو حەزو ئارەزووی تایبەتی ، دێتە کایەوەو نەش‌ونما • ئەگەرچی باری کۆمەڵایەتی دووبارە رێگا بەو نەش‌و نماکردنە ئەگرێ‌و ماوەی نادا یە سەربەستی هەڵسووڕێ‌و چۆنی ئارەزوو لێ بێ وەهابکات • بەرامبەر بەمە مێژووی ئەدەبیش تێکڕا ، بە

بروانە ل -٧-

چیرۆك

وردەخەمی کیژۆڵەیەك

احلام منصور

-١-

دایە •• چۆن منت بەجێ هێشت ؟!•• چۆن رۆیشتیت؟ خۆ تۆ ئەتووت :

- قەت بەجێت ناهێڵم ؟!

دایە •• گیانەکەم •• بگەڕێرەوە • ئەو پیاوە کێ بوو لە گەڵی رۆیشتی ؟! •

حەزی لێ‌ناکەم •• دیارە لە من عەزیزتر بوو • تۆ بە منت دەووت درۆ مەکە • کەچی خۆت درۆزن بوویت • نەخێر•• ئۆ گیانی من نیت • بەڵام بە کێ بڵێم دایە • بە داپیرەم؟! بە باوکم ؟! باوکم کێ‌یە؟! لە بەغدایە • ژنی هێناوە •من رقم لێ‌یەتی • بۆچی تۆی بەجێ‌هیشت ؟! • بەڵام چاکی‌کرد • ژیان چەند ناخۆشە • خۆزگەم بە (سەمیرە) •• دایك‌و باوکی هەیە •• هەموو خەڵك دایك‌و باوکیان هەیە •• تەنها من نیمە •• خۆزگە ئەمردن •• هەردووکتان •• باپیرەو داپیرەشم •• خانوەکە تەنها منی تیا ئەمێنم • چەند خۆش ئەبێ •• بە ئارەزووی خۆم رادیۆ لێ‌ئەدەم •• ئەڕۆم بۆ قوتابخانە •• ناڕۆم •• ئارەزووم نابێ •• رۆژی دوایی ، مامۆستا پێم ئەڵێ :

- با دایکت بێت بۆ قوتابخانە •
- مامۆستا نایەت •
- نەخۆشە ؟!•
- نەء •• ئا •• نەء ••
- بڵێ •• نەخۆشە یان نا •
- نازانم •
- سوعاد تۆ پێی بڵێ بایێت •
- مامۆستا دایکم ••
- چی لێ‌هاتوە ؟!•
- ها •• مامۆستا •• دایکی ••
- وس بن •• قسە مەکەن •• دەی بڵێ ••
- •••

- دەی •
- رۆیشتوە •
- ها ••مامۆستا ئەزانیت•
- بێ‌دەنگ بە •• خۆی‌قسە ئەکات • بۆ کوێ رۆیشتوە ؟!
- مامۆستا ••دایکی مێردی‌کردوەو ئەمی لای داپیرەی جێ‌هێشتوە •

نەء ناڕۆم •• ئەچم خۆم‌فرێ ئەدەمە ناو رووبار •• منیش وەك کوڕی حەمید ئەکەم‌کە لە قاری دایك‌و باوکی خۆی خستە ناو ئاو •• ئای‌خوایە •• من هەر لە ئێستاوە زوڵم لێ‌کراووم •• ئەی کە گەورە بووم چیم بەسەر دێت؟! با بمرم باشترە •• با دوایی‌دایکم‌و باوکم خەم بۆ بخۆن• چۆن ئەوان منیان بەجێ هێشت‌منیش ژیان جێ‌دێڵم • بەڵام هێشتا زوەو رەمەزانە •• پاش‌جەژن •• با بگەڕێم‌و پارەم زۆربێ •• بەڵام دەستەخوشکەکانم لە کەڵ خزمەکانیان ئەڕۆنە دەرەوە • ئەبێ بە تەنیا بڕۆم •• ئێستا هەموویان سەیرم ئەکەن •• کراسێکی تازەم نی‌یە لە بەری کەم •• پێم پێ‌دەکەنن‌و لەیەکتر دەپرسن ••

- ئەو کچە هەژارە کێ‌یە• ئەوە بۆچی جلی جوانی لە بەرا نی‌یە ؟!
- دایکی مێردی کردوە •
- ئەی باوکی ؟!
- ژنی تری هێناوە •

ئەڵێن دایك بە رەحمە •• ئەی کوا ؟! خوا هیچ رەحمێکی نەناوەتە دڵ ؟!• خوایە گیان‌تۆ لە کوێ‌ی ؟! •• بۆ وەرامم نادەیتەوە ؟! ئایا تۆمنت ناوێ ؟!•• هەقتە •• چونکە دایك‌و باوکم وازیان لەمن هێناوە • ئای !•• کەوابوو ئەگەر مردم ئەمخەیتە دۆزەخ •جا خۆ جگە لەمە ، هەموو جارێ لە گیرفانی داپیرەشم پارە ئەدزم •• لای خاڵۆ کەریم ئەیدەم بە پاقلە •• بەشی‌سوعاد‌و شیرینیشی لێ‌ئەدەم•• خۆزگە ئێستا بهاتایە !••

- پاقلە •• پاقلەی کوڵیو•
- داپیرە ئەوە خاڵۆ کەریم‌هات •• پارەم بەرێ •
- پارەی چی ؟!•• ئەی‌پێش تۆزێك پێنج فلسم نەدایتێ ؟!
- داپیرە ئەوە بەیانی بوو • ئێستا ئیوارەیە •
- پێم نی‌یە •• با باپیرەت‌لە مزگەوت بێتەوە دەتداتێ •
- ئاخر خاڵۆ کەریم ئەڕوات !•
- چاوی خاڵۆ کەریم‌و ئەو باوکەشت دەردەهات کە تۆی بە سەر مناجێ‌هێشتوە • ئەمەنت یانزە ساڵە •• ئەو گەواوە بۆ ناتبات‌و لە کۆئەمت بکاتەوە •
- ناڕۆم •• ناڕۆم •• ناڕۆم ••

کەستانم خۆش ناوێ • لە بیرمە کە دائە نیشتن‌و بە دەم یەکترەوە پێ‌ئەکەنین •

هەموو رۆژ قیتەقیتی بوو بۆی • پێی ئەووت :

- ئەرێ ئافرەتەکە ، تۆ گوێت لە من نی‌یە ؟• خۆ دوو رۆژم ماوە بڕۆم • لە دواییدا نەهامەتی ئەکێشیت •
- رۆژێك زووتر باشتر •
- ئەم قسەیەت لە هەموو دڵتەوە نی‌یە •• بۆچی نازانم کە تۆ منت زۆر خۆش دەوێ •

لە بیرت چوو کە ••

- قسە مەکە •• بڕۆ دەی •• من دەستنوێژم هەیە •• با دەستنوێژەکەم نەشکێ •
- ئای ژن چەن دڵ رەقن•• راستیان وتوە پیاو تا جاهێڵە ئەی‌پەرستێ •• کە پیر بوو بەجێی ئەهێڵێ ؟!
- پیاوەکە •• بۆ کوناهم هەڵ ئەگریت ؟! ئاخر خوا قبوول ناکات • گوناهی هەموو ئافرەتەکانت هەڵگرت •
- من ؟!•• استغفر اللە•• بۆ هەموو ژنێك وەکوو نۆبە ؟!
- پیاوەکە •• دیارە تۆ ئەمڕۆ شیتان هاتۆتە بن‌کلێشەتەوە •
- ئافرەت •• ئەمە •• شەرع ••

ئەمانەش لە رێ دەرچوون• پیرو جاهێڵ وەك یەکن •• لە گەڵ هیچیان قسە ناکەم •• تەنها خاڵۆ کەریم نەبێ • وەك ئەوان نی‌یە •• لە پاقلە فرۆشی بەولاوە ، هیچی‌تر نازانێت •• هیچی لە ژێر سەرا نی‌یە •• پاقلەفروشی لە هەموو شتێ باشترە • بە تایبەتی ئیشەکەی دایکم !! بەس نی‌یە کەس قسەی ناشیرینی پێ‌ناڵێت •

ناڕۆم بۆ قوتابخانە •• پاقلە فروشی لە هەموو شتێك باشترە •• لە هەموو شتێك •

لاپەڕە : «٣»

institut kurde de paris

سەروک بەکر چاودێری ئاهەنگی دەرچوانی کۆلیجی عەسکەری ئەکات

لەژێر چاوەدێری مهیب احمد حسن بکر سەرکۆمارو سەرکردەی گشت هێزی چەکداردا بەیانی ڕۆژی یەك شەمە کۆلیجی سەربازی بەبۆنەی بەشیکی تر لە دەرچووانی ئەفسەری لەشکرەوە لە بەغدا ئاهەنگی گێرا ٠

لە جیاتی سەرکۆمار کاك طە جەزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و وەزیری پیشەسازی لە ئاهەنگەکەدا ئامادەبو ٠ هەروەها کاك هشام الشاوی وەزیری خۆیندنی بەرزو لێکولینەوەی زانستی و کاك امین عبدالکریم وەزیری دارایی و کاك مکرم تالەبانی وەزیری (ری) و کاك عزیز شریف وەزیری دەڤەت و کاك یحی یاسین سەرۆکی دیوانی سەرکردایەتی کۆمارو فریق روکنی یەکەم سوپاسالار (سەرکردەی گشتی ئەرکانی هێزە چەکدارەکان) و کاك عبدالودود الشیخلی بەرێوەبەری گشتی تەشریفاتی و ئەفسەرەکەورەکانی هێزی چەکدار لەگەل گەلیك لە هاوڵاتیان ئامادەبون ٠

بە گەیشتنی نوینەری سەرکۆمار بۆ ئاهەنگەکە موسیقای سلاوی کۆماری لیدرا ٠ دوای ئەوە نوینەری سەرکۆمار ، قوتابیانی کۆلیجی سەربازی پشکنی ، وە لەو پشکنینەدا فەریق روکنی یەکەم سەرۆکی گشتی ئەرکانو عمید ئامیری کۆلیجی سەربازی بەشداربون ٠

لە کاتیکدا نوینەری سەرکۆمارو سەروکی گشتی ئەرکانی هێزی چەکدار لەسەر سەکۆی سلاو وەستابون قوتابیەکانی کۆلیجی سەربازی بەبەر دەمیانا تێپەرین کە لە پێشەوەیان ئالای عەرەب و عیراق ئالای ئەو لقانەی بەناوی سەرکردە نەمرەکانی عەرەب هەڵیان گرتبو ٠

لەدوای ئەوە دەستکرا بەوەرگرتنەوەی ئالای کۆلیجی سەربازی لەو قوتابیانەی خۆیندنیان تەواوکردوەو ئالاکان دران بە قوتابیەکانی پۆلی جەنگی لە کۆلیجەکەدا دوای ئەوە دەستکرا بە سوینداخواردن کە ئەو ئامانەتیە بە دلسوزییەوە بپارێزن و دلسوزیش بن بۆ گەل و وڵات ٠

پاشان نوینەری سەرکۆمار خەڵاتی بەسەر ئەو قوتابیانەدا دابەش کرد کە بەپلەی باش دەرچوون ٠

دوابەدوای ئەوەی عمید ئامیری دایەرەی یاسا لە وەزارەتی بەرگری دا سێیندی بە قوتابیەکان خوارد ئنجا بەرێوەبەری دایەرەی ئەفسەرەکان مەرسومی کۆماری خۆینەوە ، کە بەپێی مەرسومەکە ئەو قوتابیانەی لەو بەشەدا دەرچوون ، لە ٦ ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ەوە کران بە ملازمی هەمیشەیی ٠

دروست کردنی ٥ بەستی بچوك و چەند پرۆژەیەکی کشتوکاڵی

وەزارەتی ئاودێری دوو قونتەراتی داوە بەدەزگای تکنو اکسپورت ستوری بلگاریایی بۆ لێکولینەوەو نەخشەکردنی دروستکردنی ٥ بەستی بچوك و چەند پرۆژەیەکی کشتوکاڵی تر کە ٦٨٠ هەزار دیناری تێئەچێت ٠ ئەم پینج بەستە دووانیان لە دەشتەکانی خوارو ، سیانەکەی تریان لە پارێزگای دهوك و ناوچەی چەقچەق و شەدەلە لە پارێزگای سلێمانی ئەبن ، وە سێ پرۆژەی ئاودێری تریش ئەکرێتەوە کە ٦١٥ هەزار دیناریان تێئەچێ ٠ دەزگای ناوبراو لە ماوەی ٤٣ مانگی داهاتودا دوا نەخشەی سێ پرۆژەی کشتوکاڵی تاقیکردنەوە لە رضوانیە لە پارێزگای بەغداو شارەزور لە سلیمانی و السویب لە بەسرە دائەنێ کە ٦٥ هەزار دیناریان تێئەچێت ٠

کۆبونەوەیەك بە سەرۆکایەتی مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی هاونیشتمانیەکان

مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ئیوارەی یەکشەمەی رابوردو سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی گەورەی کرد کە گەلیك لە ئێپرسراوان تیایا بەشدار بون ٠ ئەم کۆبونەوەیە لە بارەی چارەسەرکردنی رەوتی ژیان و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی هاونیشمانیەکان بوو ، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن شتومەك و پیویستیەکانی ڕۆژانەیان بکڕن و توانایان بەسەریانا بشکێ بەپێی ئاموژگاری سەرکردایەتی حزب و دەوڵەت ٠ ئەوانەی بەشداری ئەم کۆبونەوەیان کردبو بریتی بون لە وەزیرەکانی دارایی و ئابوری و نەخشەکێشان و پاریزگاری بانقی ناوەندی و سەرۆکی مەکتەبی کاروباری ئابوری لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و مامۆستا غانم عبدالجلیل بەریوەبەری گشتی مەکتەبی بەرێز جێگری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ٠ وە لەبارەی بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی هاونیشتمانیەکانەوە دووان ، ئەمە جگە لەوە کە لە مەوبەر هەربۆهەمان مەبەست چەند ئاموژگاریەك دەرچووە ٠

جێگری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ئاموژگاری بەشدارانی کۆبونەوەکەی کرد کە ئەم لیکولینەوەو پیشنیارانە بە بناغەی مەسەلەکە دابنێن وەکو لە خۆوەزیادبونی نرخ کە ئەمە کارئەکاتە سەر ئابوری وڵات و هاونیشتمانیەکانیش زەرەرمەندئەبن ، وە بەشێوەیەکی عادیلانە قازانج لەسەر شتومەك دابنرێت کە لەگەل ئامانجی حزب و بیروڕای شورشی سوشیالیستیانەدا بگونجێ و پلەی ژیانی هەموو کەسێك بەرزبکاتەوە بەتایبەتی ئەوەکەسانەی کە دەرامەتیان کەمە ٠

دیسان ئاموژگاری کردن کە لەبارەی نەهێشتنی بێئیشی و دامەزراندنی دەرچووانی دانشگاکان و پەیمانگا بەرزەکان لە دەزگاکانی حزبدا پیشنیاری خویان بکەن ٠ وە ئەم کۆبونەوەیە دووسەعاتی خایاند ٠

ئا٠د٠ع

٩ هەزار خانو و لە کوردستان

ئەو (٩) هەزار خانووەی وەزارەتی کاروباری ژوورو لە کوردستانا دروستی کردون، پاش دوومانگی تر تەواو ئەبن کە ٣ ملیون دیناریان تێئەچێت ٠٠ وەدوابەدوای ئەوە دابەش ئەکرین ٠

لە لایەکی تریشەوە داوودەزگای ئاودان کردنەوەی ژوورو ، پار ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی هەمە چەشنەی لە کوردستانا تەواوکردووە ٠٠ لەو پرۆژانەی پێشتر تەواو کراون پرۆژەی ئاودێری بووە لە پاریزگاکانی هەولێر و سلێمانی کە ٣٠٧ هەزارو ٣٧٦ دیناریان تێچووە ٠

هەروەها بینای ٣ تەنوری ئوتوماتیکی سەمون دروست کردن لەصلاح الدین و شەقلاوە و سەرسەنگ تەواوکراوە کە ٥٢ هەزارو ٥٩٥ دیناریان تێچووە ٠

بەڵام لە پرۆژە گەشتوگوزارەکانا ١١٢ خانو و وە (٥) ئوتیل لەگەل ٢٨ دوکان لە پاریزگای نەینەوا و هەولێر و سلێمانی و کەرکوك تەواوکراون کە ئەوانیش ٧٦٣ هەزارو ٥٥ دیناریان تێچووە ٠٠ وە ١٣٥ پرۆژەی چاککردنی ئاوێ خواردنەوە لە پاریزگاکانی سلێمانی و دهوك و هەولێر تەواوکراون و ١٨٣ هەزارو ٤٦ دیناریان تێچووە ٠٠ ئەمە جگە لە پرۆژەی تری ئاو کە لە لەو پاریزگایانە تەواوکراون و ١١٢ هەزارو ٥٢٨ دیناریان تێچووە

وە لە لایەکی تریشەوە ١٣٢ قوتابخانەی سەرەتایی و ١٩ قوتابخانەی نموونەیی و ٢ قوتابخانەی ناوەندی لە پاریزگاکانی کەرکوك و هەولێر و سلێمانی تەواوکراون کە ٩٢٦ هەزارو ٩٤٨ دیناریان تێچووە ٠

هەرەوەزکاری

لە قەزای چەمچەماڵ لە پاریزگای کەرکوك دوو هەرەوەزکاری کشتوکاڵی نوێ دامەزراوە ٠

وەئیستا دەزگای کشتوکالیەکانی ناوچەکە لەوە ئەکولێتەوە کە سێ هەرەوەزکاری تریش لە قەزای ناوبراوا پیك بینیت ٠٠

وەهەروەها ریگای هەرەوەزکاریەکی هاوبەشی لە ناحیەی یاروملی دراوە ٠

گۆشەی تەندروستی

« ئنفلونزا »

دکتور نەوزاد

■ بەبونەی هاتنی زستانەوە، وامان بەباش زانی کەلەم هەفتەیەدا باسی نەخۆشی ئنفلونزا بکەین ٠

ئەم نەخۆشیە بەهۆی میکروبیکی تایبەتی یەوە کە پێی ئەڵین (فیروس) پەیدا ئەبیت ، وەبەهۆی بەکارهێنانی شتومەکی نەخۆش وەیاخود تیکەڵبوون لەگەل نەخوشدا زۆر بەپەلە ئەو (فیروس)ە بلاوئەبیتەوەو ، لە یەکیکەوە ئەچیت بۆ یەکێکی تر ٠

■ نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە ژانە سەرو نەرمە کوکەو ئاو بەلوتا هاتنەخوارەوەو تا لیهاتنە ، نەخۆشەکە بێهێزو تووانا ئەبێتو خوارەمەنی بۆ ناخوریت ٠

ئەم (فیروس)ە دوو جۆرە یەکەمیان : (فیروس ئەی) وە دووەمیان : (فیروس بی)یە ٠

جۆری دووەمیان لەوی یەکەمیان بەهێزتر ئەبیتو بلاوبوونەوەشی بەناو دانیشتوانا خێراتر ئەبیت ، وە کەی جار بەهۆی ئەم نەخۆشیەوە مروف دووچاری نەخۆشی تر ئەبیت ، وەکو هەوکردنی سییەکان وەبۆری هەناسەو هەوکردنی ئالو ، وە هەندی جاریتر پەردە تەنکەکانی مێشك هەو ئەکەن ٠

■ بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشیە ، لەهەموو شتێك گرنگتر ئەوەیە کە نەخۆش خۆی لەسەرماو جیگا گورینی لەپر ، لەسەرماوە بو گەرما ، وەیا بەپیچەوانەوە بپارێزیت ٠٠ وە زۆو پێویستە کە نەخۆش ، بەلای کەمەوە سێ ، چوار ڕۆژ لەناو جیگادا بمێنێتەوە حەبی (أسپرین)و (نیبامین) ، ئەنتی بایوتیك وەکو تتراسیکلین ، ئەپسلین ئ دریت بە نەخۆش ٠

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

نەریمان

ئەم هەفتەیەمان کە لە١٢تا ١٨ی کانونی دووەم ئەگرێتەوەو ڕێکەوتی ٢٣ تا٢٩ی بەفرانباری کوردییە ئەم ڕوداوە گرنگانەی تیاداقەوماوە :

ڕوداوی کوردی

لە ١٣ی کانونی دووەمی ١٩١٠دا شاعیری بەناوبانگ شێخ رەزای تالەبانی کۆچی دوایی کرد ٠

لە ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٦٤دا د ـ صدیق نەتروشی کۆچی دوایی کرد ٠

لە ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٦٩دا شێخ ئەحمەدی بەرزان کۆچی دوایی کرد ٠

لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٥٨دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری (شەفەق) لە کەرکوك بڵاوکرایەوە ٠

لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٧١دا یەکێتی نوسەرانی هەولێر یەکەم کونفرانسیان پێك هێنا بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەرێوەبەر ٠

ڕوداوی عیراقی و عەرەبی :

لە ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٦٤دا سەرۆك دەوڵەتانی عەرەب بۆ یەکەم جار لە قاهیرە کۆبونەوە ٠

لە ١٣ی کانونی دووەمی ١٩٧٢دا نەقیبی محامیەکانی عیراق ـ عبالوهاب محمود کوچی دوایی کرد ٠

لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٤٨دا ڕێکەوتنی (پۆرتسموث) لەنێوان سالح جەبر و بیڤن دامۆرکرا ٠

لە ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٦٣دا کوماری دیموکراتی گەلی یەمەن سەربەخۆیی وەرگرت ٠

بروانە ل ٧

کورد و کوردستانەکەت بناسە

أربیل ـ هەولێر

بەکۆنترین شاری کوردستان لە قەڵەم ئەدرێت و بەدوانزە سەدە پێش زاینەوە دامەزراوەو ناوی بە (ئەربائیلۆ) واتە شوێنی چوار یەزدانەکان نراوە ناوی لە پەراوە مسماریەکانی بابلیدا هاتوە ٠ لە پەراوە هەرە کۆنەکانی فارسیدا بە (ئەربیرە)ش ناوی هاتوە ٠

گرنگی ئەربیل لەوەدا بوە کە پەرستگایەکی بەناوبانگی تیدابوە کە (ئەشتر)ی پێ وتراوە ٠ هەروەها دەوترێت مەلبەندی خۆر ـ هۆر ـ پەرستن بوە بۆیە (هەولێر)ی پێ وتراوە واتە (لێرە خۆر پەرستراوە) ٠ هەولێر کەوتوەتە ناوەندی هەردوو (زێ)و بە ٩٩ کیلۆمەترە لە کەرکوکەوە و ٨٧ کیلومەترە لەموسڵەوەدورەو کەوتوەتەسەر هێلی ١٢° ٣٦َ پانی ، وە (٢٠° ٤١َ ٤١ً) هێلی درێژی سەرئەرز ٠ هەولێر لەمێژودا بوەتە مەیدانی شەڕی زۆرگرنگ ، تەتەرەکان لە ٦٢٨ی کۆچی داگیریان کردو بەڵام (مظفر کوکبری) لێیان ڕاپەڕیو بەجێیان هێڵاو کشانەوە ، لە ساڵی ٣٣١ی پێش زایین لای کەرملیسی نزیك هەولێر شەڕێکی سامناك لە نێوان لەشکرانی ئەسکەندەرو دارا رویدا لەئەنجام دالەشکری عەجەم شکستی هێناو داراکوژرا ٠ لەجێی ئەو حوکمرانیە کۆنانەی هەولێر ئەو قەڵاتە بڵندە ماوەتەوە کە ٣٥ مەترە بەرزایی هەیەو تا دوایی سەدەی پێشو دانیشتوانی هەولێر لە قەڵاتەوە نەهاتبونە خوارێ ئێستا بەهەرچوار دەوری قەڵاوە هەولێر کشاوەو بەرین بوەتەوەو نزیکەی ١٢٠ هەزار کەسی تیادایەو یەکێکە لەشارە بەناوبانگەکانو پارێزگایەکی

بروانە ل ٧

٠ وەرزش

پاڵەوانیتی یانەکانی یاری توپی سەبەتە

یەکیتی تۆپی سەبەتە لە عیراق ، بڕیاری داوە ، یاریەکانی ئەو یانانەی سەر بە یەکیتی یەکەن ، بۆ هەڵبژاردنی پاڵەوانیتی عیراق لەم یاریەدا، لەناوەراستی ئەم مانگەدا دەست پێبکاتەوە ٠

تیپی تۆپی پێی ئەڵەمانیای دیموکرات لە بەغدا

بەبۆنەی چەژنی شەشی کانوونەوە ، یانەی عەسکری ، تیپی تۆپی پێی ئەڵەمانیای دیموکرات (فورفیرس)ی بانگ کرد بۆ بەغداو سێ یاری لەگەڵ تیپەکانی بەغدادا کرد ،

وێنەیەك لەو یاریەی لەنێوان تیپی ئالیات و تیپی ـ فورفیرس ـ ی ئەڵەمانیای دیموکرات دا کرا ، کە لە ئەنجامدا تیپی « ئالیات » سەرکەوت بە دوو گول بەرامبەر یەك ٠٠

هونەر و جوانی

بیری ئازادە

عەبدوڵلا سەراج

لەنامەیەکی ئەفلاتوندا بۆ سوکرات ئەڵێت : (هیچ نییە نرخێکی ئەوتۆ بدات بەژیان ،لەجوانی نەمر بەوڵاوە) دیسان فیکتور کوزان لەبارەی جوانییەوە ئەڵێت : (هونەر دووبارە دروست کردنەوەی جوانییە ، توانای ئێمە لەم کارەدا (بلیمەتی) پێ ئەووترێت) ٠ بەلای ئێمەشەوە جوانی ئەو دەروازەیەیە کە هونەرمەند لێوەی تیری خۆی ئەگرێت لە قوڵایی دەروونی بینەر ، واتە هۆیەکە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ هەستی بینەر چەسپاندنی بیری هونەرمەند لەگیانی سەدەکاندا٠ بەڵام ئایا لە ووزەدایە لەنێوان دوو کەوانەدا مەبەست لەووشەی (جوانی) دیاری بکەین ؟ بێ ئەوەی تووشی کۆسپو بگرەوبەردە نەبین ؟ وەکو تووشی هاتین لەپێناسینی ووشەی (هونەر) !

ئەندرێ بریتۆن کە رابەری سیریالیزمە ئەڵێت : (ئەرکی هونەر لەمەدایە کە شت لە شێوە نەگۆڕەکانی هەڵکەنێتو لەبارێکی نوێدا دایڕێژێتەوە) بەڵام کوبیزم (التکعیبیە) لەشێوەو روخساری شت ئەگۆڕێو پەردەیەکی ئالۆز ئەکێشێتە سەر بەرهەمەکانیا بەجۆرێك لەساکاری وتێگەیشتنی ئاساییو سەرپێی دووریان ئەکاتەوە ، لەم بارەشەوە پیکاسۆو وتویەتی : (هونەر ئەوەیە کە لەناوەوە هەستی پێ ئەکرێتو لەو دیوی سنووری یاساو ئیستاتیکەوە ، گیان چێژی لێوەرئەگریت) ٠ بۆ ڕووون کردنەوەش ئەم نمونەیە دێنێتەوە : کانێ پیاوێك ئەوێنی کیژۆلەیەك ئەیبینێ ، هیچ گۆی بەپێوانەی ئەندامو لەش نادات ، ئەو خۆشی ئەوێ چونکە بوقمی دەریای دلداری بووە ٠٠ هەر وەهاش کچەکەش بەوجۆرە ، بۆیە پاپلو پیکاسۆ وتویەتی : (من ئەوە دروست ناکەم کە ئەیبینم ، بەڵکو ئەوەدروست ئەکەم کە بیری لێئەکەمەوە) بەلای منیشەوە جوانی لە هونەرداو بەتایبەتیش لەبیگاردا لەوەدا دەست ناکەوێت کە ناوەرۆکێکی قەبەو پڕمانای هەبێو بەس ، بگرە لەناوێتەی ئەو ناوەڕۆکەو ئەکنیکو هەستی تایبەتیی هونەرمەندە کە پێك دێت ٠ دیسانەوە بۆ نموونە کە نێگاری ئافرەتێك ، پیرو ناشیرین ئەکێشین ،چێژی هونەری لەوە وەرئەگرین کە بە چ شێوەیەکو لە کام سووچەوە تابلۆکەمان گرتووە، هەروەهاش چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان رەنگو روناکیو هێڵو بەتاڵاییەکان ، ئەوشمان لەیاد نەچێت کە جوانی لەکەسێکەوە بۆکەسێك ، لەسەدەیەکەوە بۆ سەدەیەکو بگرە لەتاکە کەسیك، لەکاتێکەوە بۆکاتێکی تر ئەگۆڕێت ٠ ئەو جوانییانەی هەستی پێ ئەکەین لە سیمفونییەکانی بتهوڤنو بالیەکانی بخنسکیو هۆنراوەکانی شەکسپیرو هۆمیرۆسو ئەلیوتو تابلۆکانی رافایلو رامبراندتو دافنشیو دەریاییو بێشەڵانی ٠٠ پێگومان هەرکەسو چینێکو کۆمەڵێك سەرنجێکی خۆی هەیە لەبارەی جوانییەوە ، کە رەگەزو ژیاریو پەیوەندییان ئەیگۆڕێو هەمیشەش لەپێشکەوتنو گۆڕاندایە ٠ بەڵام بیروباوەڕو ئایین لەم لایەنەوە ، پەنجەی خۆی ئەگێڕێت لەدانانی پێوەری جوانی ، بۆ نموونە : هونەرمەندە فەرعەونییەکان ئەیان ڕووانییە جوانیی نەمر کە لەو چاخانەدا ئایین سێیەمی خۆی کێشابووە سەرانسەری ژیانی خەڵك ، بۆیە نیگارو تاشراوو پەیکەرەکانی میسرییە کۆنەکان جۆرە (هێمنییەکی ئایینیو نەمری) لێ بەدی ئەکرێت ، بەڵام یونانییەکان ئەو (جوانی)یەیان لا پەسند بوو کە لە (خوا)و پاڵەوانە ئەفسانەکانیان ئەچوو ، بۆیە پەیکەرەکانیان جوانی (هێزو دەسەڵاتی) زیاتر پێوە دیارە جگە لە جوانییەکی بێهاوتا ٠ هەرچی ڕۆمانییەکان بوون لەجوانیدا ئەیان ڕووانییە واقعو لەئەندێشەو خەیاڵێش دوورەو پەرێز ئەوەستان ،بۆیە زۆر سەرکەوتنی ئەندازیاریو بناکاریو پەیکەرتاشییان وەدەست هێنا ٠ بەڵام لەهونەری ئیسلامیدا سەبارەت بە قەدەغە بوونی بیگارو پەیکەرتاشی ، ڕازاندنەوەو (الزخرفە) خۆشنووسیو بناکاری پەرەی سەند ٠

بەلای منەوە ئەو سەرنجو تێ ڕووانینانەی گەڵان کە بەکورتی باسمان لێ کرد ، بوونە هۆی دروستبوونی قوتابخانە هونەرییەکان لەم سەردەمەماندا و جیاواز بوونی پێوەری جوانی ٠

لاپەڕە : «٤»

institut kurde de paris

لەگەڵ دەنگی یەکەم زەنگی بەیانیانی قوتابخانەکانی منالانی دوا ڕۆژی کورد وەك ئامادەییان بۆ جەنگ دەوەستنو چاوەڕێی ئاوازایکی نەمەیوی شۆڕشگێری دەکەن تاخەوە خۆشەکانی لادێوشارەکان بە ئاگابهێننەوە ، لەگەڵ زایەلەی دەنگی بەتینوجۆشی منالان دەرگای هەزاران پرسیاری تر لەڕیشمە دەچێتوتارمایی چەند وەلامێکی بر خۆی بەسەر سینگی گوندەکانیدادەدات • زیوەری شاعیر وەك مامۆستایەکی ڕۆشنبیری تێگەیشتو هەستێکی کوردانەی زۆر پاك پالی پێوە ناوە کەچەند سرودێکی ساکارو بەتەوژم بنوسێت تا لەگەڵ گزنگی هەموو بەرە بەیانێکدا خۆیان بکەنە خەناوکەی شاری نوستو • بۆ ئەوەی قوتابیانی کوردیش لەوتنی سرودی کوردی بێبەش نەبن ، بۆ ئەوەی بزانین سروشتو جۆری ئەم سرودانە چۆنەو چ شتێك هانی داوە ئەم سرودانە بلێت باسەر پێی سەرنجێك لە سۆزی نیشتمانەکەی بدەین ، زیوەر لە سرودێکدا دەڵێت : ـ

ئێمە کە منداڵو نەو جەوانین — هەموو بەقوربانی کوردستانین
چونکە «حوبی وەتەن» لەئیمانە — بەو موحەبەتە صاحب ئیمانین

زیوەر مناڵە کوردی بەچ گیانێك ڕاهێناوە ؟! شاعیر دەیەوێ مناڵە کورد هەرلەسەرەتای ژیانیەوە کوردستان بناسێتو لەپێناویدا خۆی بەخت بکات کەواتە پەیوەندیەکی گیانی بەگیانی لەنێوانی خاكو مرۆڤدا نیشان دەکات ، بێ گومان کاتێ مناڵە کورد لە قوتابخانەدا گوێی بەوشەی کوردستان بزرنگێنەوە لەگەورە بونیدا گیانی خۆی دەکاتە قوربانی • زیوەر لە سرودێکی تردا دەڵێت :ـ

ئەی کوردینە ، ئەی مەردینە — بادەست لەناودەست کەین هەو
بۆ بەرزیەتی خاکی وەتەن — بۆ ئیتحادبچین هەمو کوردین هەمو
بێکەس نیە دایکی وەتەن — ئێمەش فیداکاری ئەوین

زیوەر لێرەدا داوای یەکێتی کورد دەکات ، دەیەوێ ئەو گیانی یەکێتییە دلو دەرونی منالانیش بگرێتەوە ، با لەسەرەتاوە لەوان دەست پێ بکات چونکە ئەوان بەوەی دوا ڕۆژی ئەم نەتەوەیەن ، بۆچی زیوەر داوای ئەم یەکێتییە دەکات ؟! خۆی دەڵێ تاکوردیش وەکو هەموو گەلانی تری سەر ڕوی زەمین دەرکەوێتو شوێنێك بۆخۆی بگرێت ، هەروەها شاعیر ڕابردوی کورد دەکاتە ئاوێنەیەکی ئەمڕۆ بۆ ئەوەی خۆمانی لە ناودا بدۆزینەوە • بایرانمان سەربەستبون ، جلەوی کاری خۆیانیان گرتبوە دەست شاعیر لە دەنگ کچەکوردێکدا هەستی ناسکی ناودەرونی کچێك دەر دەبڕێ کە دەڵێ :ـ

زیـــــوەر
مامۆستای سرودی قوتابخانەیە

نوسینی
خالد جوتیار

کیژۆلەی کوردستانم — بەرەزای سەر بەردانم
کەنێرەی ناو شاخانم — لەخواوەیە من جوانم

هەروەها لە گورانیەکی تردازیوەری شاعیر دەڵێ :ـ

ئازادیمان داواکرد — سەربەستیمان بەرپاکرد
ئۆردوی کوردمان ئینشاکرد
ئۆردوی خاکی کوردستان — هەر یەکە شێری مەیدان
پلنگی دەشتو کێوان — لە حمایەی خودا دان

هێزی گەل کاتێ وەك لافاوی تەقیو بەسەر خاکی پڕ لەتاوان هەنگاو دەنێ بێ گومان دڕك ودالی سێبەرە نەورابیەکان ڕادەماڵێ • مناڵەکورد کاتێ وشەی سەربەستی بەسەر زاری دێتو دەچێت تەزوی یەکەم هەنگاوی ڕاپەرین دێتە ناو شادەماری پیاوەتیوروەو پەرستگای ئەمسەربەستیە هانی ئەدان •

هەنگاو دەنێ •

شاعیر لە سرودێکی تردا هەستی پاکی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر بەخاکی نیشتمانوجوانی سروشتی ئەم کوردستانە •

زیوەر دەڵێ :ـ

واوەتەن خەملیوە وەك گول نەوبەهاری میللەتە
شادمانی « قەومی کوردە »وەختی لطفو ڕەحمەتە

کورد پێویستی بەخوێندن هەیە ، قوتابخانە بۆ منالانی کورد وەك خوێنە بۆ لەش ، وەك ئاوە بۆ ڕوبار ، زەمان زەمانی خوێندنە • سەدەی بیستەمەو ئێمەش لەچەرخی گیفارادەژین ، ئەڕۆلۆ بەزەومانگ دەروات کەچی ئێمەش پەنجەرەی قوتابخانەکانی شارولادێیەکان دەشکێنینو نوکی قەلەمی مامۆستایەکانمان دەدزین زیوەر دەڵێ :ـ

عەسرو زەمانی خوێندنە — مەکتەب حەیاتی عالەمە
گەرشەو لەسەر ڕۆژ دابنێین — بۆ قەومی کورد هێشتا کەمە

شاعیر لەم دوو دێڕەی خوارەوە مەسەلەی خوێندنو نەخوێندن پیشان دەدات :ـ

ڕەونەقی باخی حەیاتی میللەتە عیلمو فنون
میللەتی بێ علمو دانش هەرزەلیلەو هەرزەبون

ئەگەر حەز ئەکەن دڵشادم بکەن
لەبەند
قەس ئازادم بکەن
گەر لاتان خۆشە ئەمن بدوێنن
بەرەڵلام
بکەن وازم لێ بێنن

بەڵێ زیوەر بایەخێکی گرنگی بەسرودی قوتابیان داوە بۆئەوەی ببێتە هاندەرێکی بەتەوژم بۆ قوربانیدان لەپێناوی خاكو ماف بۆیە دەڵێم زیوەر مامۆستای سرودی قوتابخانەیە چونکە باوەڕێکی بەتینی بەمناڵە کورد هەبو کە دەتوانن ڕۆژێك بێنەوە مەیدانو ئالایەکی سور هەڵبکەنو سرود بۆ ڕەشو زووتەکانی کورد بڵێن ، هەروەها بەشێکی زۆری لە دیوانەکەی بەرخان کردوە بۆ منالان ، نووسینی ئەم شیعرانە لەلایەنی زیوەرەوە دەبێ بایەخێکی تەواوی پێبدرێ چونکە لەکاتێکدا کە ڕژێمی پاشایەتی پڕ جەورو ستەم بالی ڕەشی چلکنی بەسەر خاکی عیراق دادابو ، کۆشكو تەلاری ئاغاکان لەسەر ئێسكو لاشەی چەوساوەکان دامەزرابو ئالەم ڕۆژانەدا کە مناڵە کورد لەژێر چەپۆکی دایكو باوکی نەزانو نەخوێندەوار گەورە دەکران ئالەم کاتەدا زیوەر بەخوێندنو زانستیو خوشەویستی کوردو کوردستانو تیکوشان لەپێناوی پیشکەوتنا منالانی کوردستانی گوش ئەکردو بەرەوفیربونو کارکردنو سەرکەوتن

ئەمس ئازادم بکەن
گەر لاتان خۆشە ئەمن بدوێنن
بەرەڵلام
بکەن وازم لێ بێنن
دڵشادم بکەن
لەبەند
قەس ئازادم بکەن
گەر لاتان خۆشە ئەمن بدوێنن
بەرەڵلام
بکەن وازم لێ بێنن

بەڵێ زیوەر بایەخێکی گرنگی بەسرودی قوتابیان داوە بۆئەوەی ببێتە هاندەرێکی بەتەوژم بۆ قوربانیدان لەپێناوی خاكو ماف بۆیە دەڵێم زیوەر مامۆستای سرودی قوتابخانەیە چونکە باوەڕێکی بەتینی بەمناڵە کورد هەبو کە دەتوانن ڕۆژێك بێنەوە مەیدانو ئالایەکی سور هەڵبکەنو سرود بۆ ڕەشو زووتەکانی کورد بڵێن ، هەروەها بەشێکی زۆری لە دیوانەکەی بەرخان کردوە بۆ منالان ، نووسینی ئەم شیعرانە لەلایەنی زیوەرەوە دەبێ بایەخێکی تەواوی پێبدرێ چونکە لەکاتێکدا کە ڕژێمی پاشایەتی پڕ جەورو ستەم بالی ڕەشی چلکنی بەسەر خاکی عیراق دادابو ، کۆشكو تەلاری ئاغاکان لەسەر ئێسكو لاشەی چەوساوەکان دامەزرابو ئالەم ڕۆژانەدا کە مناڵە کورد لەژێر چەپۆکی دایكو باوکی نەزانو نەخوێندەوار گەورە دەکران ئالەم کاتەدا زیوەر بەخوێندنو زانستیو خوشەویستی کوردو کوردستانو تیکوشان لەپێناوی پیشکەوتنا منالانی کوردستانی گوش ئەکردو بەرەوفیربونو کارکردنو سەرکەوتن

بەهەشتی ڕووی سەر زەمین
خاکی پاکی کوردستانە
کورد میللەتێکی ناسراوە لە
مەعاریف بەجێ ماوە
ڕۆژی «سەعی »و تێکۆشینە
بۆ ئەو کەسەی کورد زمانە

لەگۆرانی « بلبل بەنەغمە»دا دەتوانم بڵێم زیوەر پێشکەوتنێکی باشی بەدەست هێناوە لە هەلبژاردنی جۆری باسەکەو بەکارهێنانی وشەی کوردی پاراوو قوڵی ئەو مەسەلەی نوسیویەتی شاعیر دەڵێ :ـ

بلبل بەنەغمەی دلکێش
و خۆشی
گولزاری
پڕکرد دەنگو خوزوشی
بانگی کرد خەلقە سە
بەست خولقاوم
لەم باغو
دەشتە ڕووناکە چاوم

شەوێ لەگەڵ وێنەیەکی ئەلبۆمەکەدا

ئەمشەو حەزم لەگریانە
خەو لێم زیزە
دل کۆرپەیەکی نەخۆشەو
جۆللانەکەی لێ تێك چوە
مۆسیقاژەنی ئیلهامم
پەنجەی لەسەر ،
شمشاڵی دەرونی کفتو
پرسۆتو سۆما شل بوە
پێکەنین بارگەی پێچاوەو
بەرەو کوێستانی خاتوو شەم
جلەوی ئەسپەکەی شۆڕکرد
کۆچباری خەمی دێوانە
بارخانەی خەمی لولداوەو
لەهەواری چۆلەواری غەریبیا
سنگۆکەی ڕەشماڵی ڕەشی
بێ شەنگە بێری داکوتا
ڕەهێڵەو بازانی زستان
شوێنەواری ئاگردانی •••
کابانی مەڕی شوشتەوە
وردەوردەش
گەردی خەفەت
بەسەر پەنجەی شکاری
ژوری دڵێ بێ کەسیما دەنیشتەوە

●★●

گریانم دێ
لێ گەڕێن با ئەمشەو بەکول
ئەو فرمیسکەی چوار هاوینو چوار زستانە
لە دەشتایی چاوەکانما
هەر گەرمیانو کوێستان ، هەلیژێم
دەبا بگریم
بگریم بۆ ئەو خۆشەویستەی
لەدەریای خۆشەویستیا بزربوەو
لێی دەگەڕێمو بۆی دەژیم ••
بگریم بۆ ئەو کیژە قشتەی
دو ساڵو نیو بەیەکترا هەژاینەوە
دو حەلقەی عەشقبازی بوین
دەبچراینو بەیەکترا دەلکاینەوە
بگریم ، بگریم
هەتا شەنگم هەبێ بگریم
هەتا دەنگم هەبێ بگریم
دەبا ئەمشەو
بەیادی یەکەم نامەیا
لەگەڵ ترپەی فرمێسکی گریانا بژیم
لەگەڵ خرپەی دلەی خۆمو
لەگەڵ وێنەی کیژۆلەکی جوانا بژیم
بگریم •••• بژیم •••

جەوهەر کرمانج

زیندانێك لەکارتۆنەدا

شیعری شاعیری (فارس) : ع٠ا٠ پەرویز

وەرگێرانی : نەژاد عەزیز سورمێ

لە زیندانێکدا بەندکراین
دیوارەکانی کارتۆن بوون
وایان ئەزانی کە ئیتر ناتوانین
خۆمانی تیا ڕزگار بکەین

●★●

تا گۆڕستان ڕاپێچیان کردین
وێستیان لەسێدارەمان دەن
دەنگمان خەفە کەن
بەڵام •• بەڵام ••
چۆن ئەتوانرێ لەتەختەو دارێکی کرمەڕێز
کە تەنانەت ••
کەلکی ئەوەی پێوە نییە ،
« هێلانە »شی لێ درووست بکرێ ،
سیدارەی لێ دامەزرێنن ؟!

●★●

بەرەو دەریاکانیان بردین
تا لەناو قولایی یاندا ،
ونمان بکەن •• بمانخنکێنن
کەچی کەچووین گشت دەریاکان
لەبەر زۆری تەرمی شەهیدان
نەیان ئەتوانی بمانگرنە خۆیان

●★●

ئینجا ویستیان کوێرمان کەن
لەرێگەی ڕاست لامان دەن
بێیان وتین :
ئەوەی هاوڕێکەی خۆی بکوژێ
بەری ئەدەین بەختیار بژی !••

●★●

بەڵێ ئێمە قەلاچۆ کراین
کەسمان زیندوو لێ دەرنەچوو
بەڵام لەناوچوونی ئێمە
تەنها نیشانەی تاوانێکی تر بوو

(١) لەگۆڤاری « الاقلام»دوە کراوە بەکوردی •

دیروکا شۆڕشێت کوردان ئوگۆڕینێت بسەرداهاتین

فارس عبدالله حمو

جوداهی ئو هەڤبەری دنایەبناوانو بوسولمانا نەدکر نەماشەی هەمیا دکر کو کوردن •• بلاکی بیت •• بلا چ بیت ، چ فەلەبیت چ ئیزدی بیت ، هەمی وەکی یەکن دناڤ شوڕشێدا ، ئانکو میری چوفەرمانێت وەسا نەدان کو هەمی دڤێت (گراسەکی بکەنەبەرخو) ئان بترسی وی بینینە سەرڕێ •• ئان ژێرافەڕاوەستێت ئو سەرێخو بچەمینیت دەما میری دبینیت ، ئو گەلەك تشتێت وەکی ڤی بابەلی میری کرن •

ئەم باوەرناکەین کو میرەکێ وەکی میربەدرخانی دێ جوداهیێ ئێخیتە ناف مللەتی نەمازە دنابەینا بوسلمانو فەلادا •

سەروکێ بڤێت بشوڕشەکێ ڕابیت پێدڤیە نافخو ـ بخو ژ پیسا پاقژکەت ، یێ ببیتەسیچ بو ژێك ڤەبونا دەرکەت ، چنکی میری دگوت : ئەمێ لدەمێ شەڕی •• هەرشەرکەرەك بۆ مە بگەلەکانە •• لنك من هەمی ئێکن •• دابشێت خو بگریت بەرامبەر دوژمنی ، هەکو میری بەرێخوددا وان کردوە ، تا ئەجرەبەو شارەزاییەکی باشی لەم بارەیەوە وەدەس خستوە •• تائێستا گەلێ ئۆرانی لەسەر شریت تۆمار کردوە • ئەمڕۆ بوە بەخاوەنی تیپێکی چالاك کەبریتی یە لەپینج ئامێری مۆسیقا (ئوکۆردیۆن ـ کەمان ـ نای ـ ئیقاع ـ جومبوشی کودی) لەگەڵ ئەم دەستە لاوە خوێن گەرمانەدا (ئارتین ـ محمد حسن ـ احمد حسین ـ محمد نجیم جزیری) •• نیازی هەرەگەورەی سەیدا رەمەزانی جزیری ، لەپێش خستنی گۆرانی فۆلکلۆریو سەرخستنی پەیامی پیرۆزی هونەری کوردیدایە •• وەك هەر هونەرمەندێکی دلنەوازو سەر بەکوردایەتی •

مەزنێت کوردا دابێژیت (هێژ نەچوینە دناف کفانیدا) •

میری بهەمی شیاناخو هەولدا کو هەمیا بکەتەئێك ، داکو بگەهیتە ئارمانجاخو ، بەلی ژبێخودانیا کوردان سالو قدانێت ڤێ شوڕشی بە نە ڕاستی چونە دەڤەرێت وەلاتی ، حەتا دەولەتێت مەزن لئەوروپا گازندە ژمیری کرن لجەم سولطانی ئوگوتێ هەکە تو لەشێی تورەکی بدەیە بەر ڤی میری یێ وەکو فەرمانا فەلا دای ئەم دێ وی هێین تورەی دەینە بەر ، دێ ژ وەلاتی وی •• وی دەرکەین ، ژوان دەولەتا (ئنگلیز و فرەنسە) بون ، دەنگ ئەدانا کوشتنا فەلا گەهشتبووان ، سولطانی ژی نەگوت کودەستی مە تێدا بو ، ئەف بارێ گران ئێخستە سەر ستوهێ میری •• ئو کرنە بنافسێت وی •

یامای

ژۆلا

لەکوردستانی سوریاوە

لەم دوایی یەدا گەیشتە بەغدا •• کاك ڕەمەزان نەجیمی جەزیری یەکێکە لەو لاوە هەژارو دڵسۆزانەی ، بەوپەڕی لەخۆبوردنەوە خەریکی بەرزکردنی سۆزی شیرینی گۆرانی ڕەسەنی کوردین••لەساڵی ١٩٤٨دا لەشاری (حەسەکە)ی سوریادا چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە •• لەپۆلی سێهەمی ناوەندیدا ، وازی لەخوێندن هێناوەو چوەتە حەلەبو بوە بە شاگردە ئوتێل •• ئەو (١٢٠) لیرەیەی کە مانگەو مانگ وەری گرتوە ، نیوەی بۆ خۆیو نیوەکەی تری لەپێناو هونەرا خەرج

ئامادەکردنی : محمود زامدار

پ : کاك ڕەمەزان •• بێژەحمەت ئەتوانی نویشکێك لە وەزعی هونەری کوردیمان لەسوریادا بۆ بگێڕیتەوە ؟

و : بەڕاستی زۆر بەباشی ناتوانم واقیعی ئەمڕۆی هونەری کوردیتان لەسوریادا بۆ باس بکەم ، لەبەر نەبونی قەوارەیەکی سەربەخۆی ئەم هونەرە ، بەڵام هەر ئەوەندە ئەڵێم : گەلێ تیپی جیاجیای گۆرانی کوردی لە قامیشلیو حەلەبو دیمەشقدا هەیەو جارجارەچوستو چالاکی یەکی باش ئەنوێنێ •• بەڵام تا ئەمڕۆ هەر نەبوینە ـ لەبەر گەلێ هۆ ـ بەو شتەی کە کوردەکانی سوریا مەبەستیانە •

پ : ئەی دیارترین گۆرانی بێژتان ؟

و : ڕفعت داری ـ محمد طیب طە ـ محمد شێخۆ ـ محمود عزیز ـ سعید یوسف ـ ئارام خواجە داریان ـ •

پ : سەرت لە کوردستانی ئێمە داوە ؟

بروانە ل ٧

شیعر

حاجی یێ من ئەزغولام بوچی نهو توژمن سلی
توژمە ناترسی برائەز زڕەمەلائێ گولی
بوچی پشتاخو تەدامن ئێدی من نائاخڤی
نێ من ئەزمانوقەلەم شیرو کچکچابە لملی

●★●

ماقیامەت ڕابو پشتی من دوشیف خارنوهند
هەربو جارك ئەوزیافەت شوبتی هێکادیکلی
ماوەکی دوستینیاتە هندەیا تەحلەو نەخوش
تودێ بینی هەیفەکادی ئەزنەمامە لڤی ملی

●★●

من گولێ بو پاژتەسل بوی ئەوحەرەم ئەزبوم سەبەب
گوتەئەڤی بومەقویتەك قەت نەهێلا وەك کولی
وەك بمینیت سالەکادی لسەرگوهێمە ئەی حەجی
لازمە پاویزەکازوی بوببرین هندەك چولی

●★●

مامەعاش خومە بوتە ژ حوکمەتێ وەرگرتیە !
بەسەبەسە ئەم خراب بوین ماتوبوچی هوی چلی
نێ تنێ جارەك دی بێتە ژدەگەهێمە خارکەڤیت
دێ شەلینین تەژلباسی دابڕەڤی ڕویسوحولی

احمد مخلص

زنجیرا دوێ

شیرەتەك بوکرو گوت : هوین هەمی خوبکەنە ئێك ژدل ، داکو مللەتێ مە ڕزگار ببیت ژ بندەستێ تورکا ، وی دەمی چو میرگەهێت دی نێت سەرنجو لناف کوردا بەبون ژبلی میرگەها بوتان ئیف کەنکەنێت کوردا هەمیا پێکڤە (سوز)دا میری کو دێ وەکەن یاوی گوتی ، نو هەمیا خوکێشا نافڕێزێت شوڕشی ژوان سەروکا ئەڤەبون :

مصطفی بك • درویش بك • محمود بك • ئەڤەژ ئوجاخا دەڤەرا (وانێ)نە •

نوراللە بك (سەروکێ هەکاریا) • فتاح بك • خالد بك (ژ قوماندا ڕێت خیزانی) • شریف بك (ژ قوماندارێت موشێ) • حسین بك کور (سەروکێ ئیجاخا لدەڤەرا (قارسی) ، ڤانا نافو دەنگێتخو هەبو لکوردستانێ ، ئو پشکداربون دشوڕشێدا ، ژبلی کو یێ بناڤودەنگ ئەڤێت نافێوان دهێت ئەوژی بەشداربون دوێ شوڕشێدا ژ وان ئەڤەنە :

شیخ محمد (ژموسلێ) • شیخ یوسف (ژزاخو) قاناژی گازی کورداکرن ئو شیرەت لێکرن بو ئێك گرتنێ ، (ئێکەتیێ) • ئەفمروفە لوەلاتێ کوردستانێ گەڕیان وەك دەروێشا ، ئو قەسەدکرن ئو دئاخفتن دگەل مەزنێت کوردا •

دیسان میرێ ئەردەلانیاژی دگەلدا کەفت •

ژبلی ئێ چەندێ میری دەست هاڤێتە درستکرنا کارگەهێت چەکی ئو ئینانا وان ژدەرڤە بو جزیر بوتا ، باڕویت درست کر داخو موکوم کەت لپێشیا دوژمنی ، ئو هندەك قوتابی هنارتنە دەڤەرێت کوردستانێ بو تێگەهاندنا مللەتی ، ئو هندەك گەمی درستکرن بو هاتنو چونێ دگوما وانێ دا ، گەلەك جارا حوکومدارێت تورکا هێڕش برنەسەر پرتو تاڕێت شورشێ بەلێ نەشیا چو ڕێکا ببەتێ ، ڕابون ، کوردو فەلە

لاپەرە ـ٥ـ

institut kurde de paris

کورتە چیرۆك

گیاوەك و دۆزینەوە

چووە لای ئاوێنەکەوە ... لەبەلغی ڕووەکەیدا وون بوو خۆی نەبینی دەمارەکانی کرژبوونەوە .. (ئەبوایە پێش ئەمڕۆ ئەم ئاوێنە پاك بکرایەتەوە .. ئەی بۆ ..؟ خۆ ئەم ماڵە چۆڵەوانی نییە .. بەڵام ووزەو جوولەی ئەوێ هەر ئەمەیشە بوەتە ڕەگی نەخۆشی لەم شارەدا) . تۆزی ئاوی پیادا پڕژان بەدەسترەکەی سڕیەوە .. ڕەنگی تەختەکان بواریدا .. هێڵنجیدا .. کەوتە کڕاندنیان .. بەپەلە سەری بەرزکردەوە خۆی بینی .. پەنجەی لەژێر چەناگەیدا چەمانەوە ..

(ئای ئەوە منم .. بەڵام بۆ ئەم ڕەنگە .. چاوەکانم چوون بەقوولا .. ڕوومەتم چڕچ .. خۆ ئەیان‌ووت قەلەوی ڕوومەتت بریسکەی دێ .. درۆزنن .. جا کێ ئەڵێ چلکن نیم ؟) .

خۆی گەیاندە حەمامەکە .. چرنووك .. لفکە .. دەستێ دوو دەست .. پەراسووەکانی ژمارد .. ئێسکی کلۆکی پڕ بەچنگ گرت .. مێشکی قورس بوو ..)

(کێ ئەڵێ نەخۆش نیم .. ئەرێ وەڵلا سینگم دێشی ئەکۆکم هەناسەم سوارە .. لەوانەیە بمرم .. ئای مردن ئەوە لەکوێوە قووت بوەوە ؟) گەڕایەوە .. لەبەردەم ئاوێنەکەدا چەقی .. دەمارەکانی ملی ژمارد .. ڕەنگی سووری نەدۆزیەوە کەوتە دیلانەی بێ ئارامی .. گیانی کەوتە مێرووڵە .. چاوێکی بەڕۆژنامەکەدا خشان ووشەکانی بۆ جیانەکرایەوە .. خۆی کوتاوە سێبەری باخچەکەیانەوە .. هەردوو ئانیشکی چەقان بە هەرێزەکەدا .. وێنەیەکی لەباخەڵیا دەرهێنا .. (ئای ئای .. ئەوە شێتم .. ووتم چی .. ؟ نەخۆشم .. نا .. ناپەیمانمدا بتهێنم .. بگەڕێم .. بتدۆزمەوە .. دەستم بێنم بەقژی زەردو سوورتا ..) . وێنەکەی دانا .. تەلە تەلەپووشە زەردەکانی بەردەمی هەڵکەند .. ڕەنگێکی سەوزی ساده لەگەردنی چووزەرەکانەوە خۆی نیشاندا .. لەو ساتەوەکەوتە بژارکردنی باخچەکە .. گەشەکەوتە سەرلێوی .. زۆرشتی ڕاستەقینەی دۆزیەوە .. زۆریشی لێ بێزرا .. بۆ دواجار خۆی بینی لە ئاوێنەکەدا ڕپێوق لەکەناری چاوەکانی دانەبوو .. پڕ بەدڵ حەزی لەئازاری دڵداری ئەکرد ..

١١-١٢-١٩٧٣

هێشام تاهیر بەرزنجەیی

فەرهەنگی ناودارانی جیهان

وەرگێڕ : محمد توفیق وردی

٥ ـ ئەمپر

ئەندرێ ئەمپر ـ لەبیستو دوەمی مانگی مارتی ١٧٧٥ هاتوتە دنیا . هەر لەمندالیەوە حەزی لە خوێندنی (ریازیات) دەکرد ، سەرەتاکانی حسابی (دیفرانسیل)و (ئەنتگرال)ی لەلای دۆستێکی باوکی خوێندوە لە ساڵی ١٧٩٣دا باوکی مرد بەمردنی زور نارەحەت بوو ئەو خەمباریی ماوەیەك ساڵ ژیانی تاڵ کرد ، پاشان گەڕایەوە سەر دۆخی جارانی .

لەتەمەنی بیستو یەك ساڵیدا حەزی لەکچێکی بیستو سێ ساڵی کرد . لە ١٨٠٢دا بوە مامۆستای (پورك)و ناچار بوو بۆ ماوەیەك لەژنە خۆشەویستەکەی دوور کەوێتەوە . یەکەم دوزێنەوەی (ئەمپر) لەبابەت (لێ کولینەوەیەکی تیوری ریازی بوو لەباری قومار کردن)دا ، ئەو شتە وای کرد کە ریازی زانەکان بایەخی پێبدەن ، لەسەر سفارشی مامۆستا (لامبەر) کرایە مامۆستای شاری (لیون) کە جێگا نووشینی ژنەکەی بوو . لەساڵی ١٨٠٣ ژنەکەی تووشی نەخۆشیەکی خراپ بوو وە مرد .

(ئەمپر) بەناهومیدی و نارەزایی و خەمباری شاری (لیون)ی بەجێ هێشت وەبوە (دانش‌یار)ی قوتابخانەی (پولی تەکنیك) .

لەو حەلە کە لەپاریس بوو چاوی بەکچێکی شۆخ و شەنگ کەوت بەناوی (جان پوتو) ، هەموو خەم و دەردێکی لەبیر چوەوە کاتێ کە ئەوکچەی خواست لەگۆشە گیری ماڵەوە دەرچوو .

لە ساڵی ١٨٠٩دا بوە مامۆستای (ئەنالیزو میکانیك) وە لە ساڵی ١٨١٤ هەڵبژاردرا بۆ ئەندامیەتی ئەکادیمی زانیاری فەرەنسا .

ناوی ئەمپر کاتی بەرزبوە کە (معادلاتی لەگەڵ هوشتەقی جوزئی) دوزیەوە بەهۆی ئەو دۆزینەوەیە بوە بەرزترین زاناکانی هەموو ئەوروپا .

لە ساڵی ١٨٢٠ نووسینیك بڵاو کرایەوە لە لایەن (جون کریستیان ئورستد) لەبارەی پێوەندی (ئەلەکتریك و مگناتیس) بڵاوکرایەوە بەزبانی لاتینی .

ئەمپر کە ئەو نووسینەی خوێندەوە بەشی زوری لێ کولینەوەکانی خۆی لەو بارەوە تەرخان کردبوو .

لە ڕۆژی هەژدەمینی مانگی بەفرانباردا یەکەم دۆزینەوەی خۆی لەبارەی (مگناتیس و ئەلەکتریك بڵاوکردەوە ، وە ئەو ئەیارەی هەستپێکرد کە هەیە وە ڕێگای بۆ ئەندازەگیری ئەویش هێنایە ڕوو .

هەروەها (ئەمپر) توانی پرۆژەیەکیش بۆ تەلگرافی ئەلەکتریکی بدۆزێتەوە ، بە دۆزینەوەکانی خۆی ڕۆژ بە ڕۆژ ساختومانی (ئەلکترو دینامیك)ی بەهێز تر کرد .

(ئەمپر) بەو دۆزینەوەی تایبەتی خۆی توانی سەربەرزی لە دنیادا بیاتەوە و گەلان بکەونە شانازی پێکردنی بەوێیە لە ساڵی ١٨٨١دا کۆنگرەی جیهانی ئەلکتریکیەکان ، ڕویشتنی تەیاری ئەلەکتریکی و ئەندازە گرتنیان ناونا (ئامپر ـ ئەمپیر) ئەو ناوە کەوتەناو تەواوی زبانەکانی ڕووی زەوی .

ئەو زانایە لەساڵی ١٨٣٦دا لەتەمەنی شەستو یەك ساڵی وەفاتی کرد ، بەڵام بەنەمری مایەوە .

٦ ـ ئان پورتر

کاترین ئان پورتر ـ لەبەینی نووسەرو چیرۆك نووسەکانی ئەمەریکا بەناوبانگە گەرچی نووسینەکانی کەمن و زۆر کورتن لەسەر ئەوەشەوە زۆر بەناوبانگە لەبەینی ئەدەب دوستەکانی قارەی ئەمەریکاو سەرتاسەری ئینگلستاندا .

لە ساڵی ١٨٩٦ لە شاری (ئینندیان کریك) یەکێ لەشارەکانی هەرێمی تەکساس لەئەمەریکا هاتۆتە دنیاوە، هەتا ئەو حەلەش کە ناوبانگی بە چیرۆك نووس دەرکر لەبیری ئەوەدا نەبوو کە بێ بەنووسەرو لە هیچ کات سەری لە نووسەریکیش نەدابوو .

بەڵام کەقاچی نایە شارەکانی دوور لەشاری خۆی لەوکاتە دابوو نووسینەکانی لەناو جێگاکانی وێژەو زانست ناوبانگی دەرکرد . نووسینەکەی بەناوی « ئەرخەوان» کە باشترین نووسینە لەجیهاندا ، بە شێوەیەکی نوێ و جوان پێش کەشی گەلانی کوردوە هەروەها داستانی کورتی (لاو) لەچاپڕوکەکانی بەناوبانگیەتی کە لە ساڵی ١٩٣٣دا لەگەڵ چەند چیرۆکێکی تر بەناوی (بورجی کەج)و هەندێ چیرۆکی تر چاپ کراوە لە چیرۆکەکانی تریشی ئەوانەن : (ئەسپی ڕەنگ پەڕیو) ، (ڕۆژانی ڕابردوو) ، وە (سواری ڕەنگ گوڕاو)و گەلێکی تر .

ماویەتی

بەرهەم هینانی ئاژەڵ یا « ئاژەڵداری »

بەم ناوو نیشانە لە هەرژمارەیەکی هاوکاریدا لەبابەت جۆری پەروەردەکردن و بەرهەم هێنان و پاراستنی ئاژەڵ لە نەخۆشی و دۆزینەوەی نەخۆشیەکانیان باسێك بڵاو ئەکەینەوە ، بۆ ئەم مەبەستەکاك (بەختیار مستەفا) لە سلیمانی بەڵێنی داوە بە پێی شارەزایی خۆی و پشت بەستن بەو سەرچاوانەی کە باسەکانیان لێ وەر ئەگرێت یارمەتمان بدات .. ئینجا لەبەرئەوە کە ئەم جۆرە نووسینانە ئەهمیەتێکی گەورەیان لە بووژانەوەی سامانی ئاژەڵ و پاراستنیان لەو نەخوشیانەهەیە کە تا ئیستە هەر تەشەنەیان کردوە داوا لە هەموو پزیشکەکانی ئاژەڵ ئەکەین کە یارمەتیمان بدەن و هاوکاری خویان لەگەڵ (هاوکاری) دا بکەن ، وە پیشەکی سوپاسی کاك بەختیار ئەکەین کە ئەرکی ئەم خزمەتەی گرتە ئەستۆی خۆی .

× ×

پێشەکی باسەکەمان :

وڵاتی عیراق بۆ بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ و بوژانەوەی سامانی ئاژەڵ زۆر لەبارە ، باری ئاوو هەواو خاك و زوری لەوەڕ لەوڵاتەکەمانا و بەتایبەتی لە کوردستانا کەلێك یارمەتی بووژانەوەی سامانی ئاژەڵ ئەدەن ، بەڵام تا ئیستە مەڕومالات لەشێوەیەکی سەرەتایی دا پەروەردە ئەکرێ .. هەرچەندەزگاکانی بەیتال (ئەگەرچی ژمارەشیان کەمە) هەوڵ ئەدەن بۆ ئەوەی خاوەن ئاژەڵەکان فێربکەن کە لەسەر شێوەیەکی نوێ مەڕومالاتەکەیان پەروەردە بکەن بەڵام خاوەن ئاژەڵەکانوەکو هەمو داهاتێکی نوێ بەقەلسیەوەسەیری مەسەلەی پەروەردە کردنی ئاژەڵ لەسەر شێوەی ئازە ئەکەن .. تەنانەت زوربەیان هەر بڕوایان بەداوودەرمان و بەیتال نیەو لەسەر دەقی کۆن مەڕو ماڵاتەکەیان بەخێو ئەکەن . وە هەروەها نهینیەکانی ئاژەڵ و دەردەکوشندەکانیشیان لای بەیتالەکان نادرکێنن .

بەپێی سەرژمار نەمەریك لە عیراقدا لەساڵێکدا ١٠ـ١٥ کیلو گوشتی بەرئەکەوێ لەگەڵ ئەوەشدا لەوڵاتانی ئاسیا تەنیا نەفەریك ٤٠ـ٥٠ کیلو گۆشتی بەر ئەکەوێ ، نەفەریکی عیراقی لە ساڵێکدا ٢٢ کیلۆغرام شیری بەر ئەکەوێ کەچی بۆ نمونە لەوڵاتی بەریتانیادا هەر یەك نەفەر زیاتر لە ٢٢٠ کیلوغرام شیری بەرئەکەوێ .

(القطاع الزراعی فی العراق مدمج شامل موارده وتقییم الاساليب تنمية بغداد ١٩٧٠ص ٩٥ الدكتور كمال محمد سعيد الخياط) .

ئاژەڵ ٤٠٪ی بەرهەمی سامانی کشتوکاڵی وڵاتی عیراقە لە ساڵی ١٩٧٠دا بەپێی سەرژمارێکی سەرپێیی بەلای کەمەوە سامانی ئاژەڵ بەشتر تە ٢٧٣ ملیون دینار، وە بەرهەمەکانیان خۆی داوە لە نزیکەی ١١ ملیون دینار .

(تقرير مديرية البيطرة العامة الى المؤتمر الزراعيين الفنيين الثانی حول اهمية مديرية البيطرة العامة بالنسبة لقطاع الثروة الحيوانية ١٩٧٢ « وەکو شاکر خەمباك ئەلی » العراق الشمالی ١٩٧٣) .

لە کوردستانی عیراقا مەڕ لەنیوەی هەموو مەڕی وڵاتی عیراق زیاترە بەڵام بەزنی ماڵیانی تر ژمارەیان کەلێك زیاترە ، بەخێوکردنی بەلەوەر لەبەر ئەوەی لەنیوەی خواروی عیراقا زۆرتر بووە بەباوو چاولێکەری زمارەیان لەشوێنەکانی تری وڵات زۆر سرە ، ٩٤٪ی هێستر لە کوردستانا هەیە . بەگوێرەی سەرژماری بەریوەبەرایەتی بەیتالی گشتی لە ساڵی ١٩٧٠دا کراوە مەڕ ١٣٠٩٩٠٠٠ ، بزن ٢٣٥١٠٠٠ ڕەشەوڵاخ ١٫٦٨٩٫٠٠٠ ، گامیش ٢٠٠٫٠٠٠ ، حوشتر ٢٦٦٫٠٠٠ ، چارەوێ (وڵاخی بەرزە) ١٢٤٫٠٠٠ ، هێستر ٥٦٫٠٠٠ ، گوێدرێژ ٥٦٦٫٠٠٠ مریشك ٦٫٢٧٤٫٠٠٠ سەرە . وە لەگەڵ ئەو زەمینە لەبارەدا کە بۆ پەروەردەکردنی ئاژەڵ هەیە تەنیا لەساڵی ١٩٧٠دا بایی ١٥١٫٥٤٧ دینار مەڕومالات وە ١٦٣٫٣٠٨ دینار گۆشت وە ٣٫٦٦٨٫٩٠٤ دینار شیرو هێلکەو بەرهەمە شیریەکانی لەدەرەوەی وڵات هێنراوە .

(المجموعة الاحصائية السنوية لعام ١٩٧١ ص ٢٢٨)

لەبەر نەبوونی جێگای باش و تەندروستی کە بە شێوەی سەرەتایی بەخێو ئەکرێ و تەشەنە کردنی نەخۆشی و پشت گوێ خستنی لە لایەن لادێ نشینەکانەوە لە ساڵێکدا ٢٠٪ تا ٣٠٪ مەڕومالاتی ناوچەی کوردستان لەناو ئەچن .

(تقرير بعثة استكشافية الى شمال العراق « هيئة الامم المتحدة » ص ٤١) .

هەبژاردە :

گۆرانی مەمۆ

مەمیانە ، مەمیانە مەمۆ
ساڵەك دوو زستانە مەمۆ
بەفران گرت کۆڵانە مەمۆ

●★●

مەمیانە ، مەمیانە مەمۆ
بەفران ووشە ووشە مەمۆ
گرتی دارو قرشە مەمۆ

●★●

مەمیانە ، مەمیانە مەمۆ
بەفران گیزە گیزە مەمۆ
کوڕ لە مەمکان زیزە مەمۆ

●★●

مەمیان لە حەوشێ کەن مەمۆ
کلی لە چاوی کەن مەمۆ
ئەسمەران بەڕێ کەن مەمۆ

●★●

ئەسمەر نیمەو نابم مەمۆ
کۆترەی بال شوڕابم مەمۆ
لەگەڵ ڕەوێ دابم مەمۆ

●★●

جوامێر مێوانە مەمۆ
نیو ڕۆژ گۆشت بەرانە مەمۆ
سەر چێشت ناسکە نانە مەمۆ
هێوار کیژە جوانە مەمۆ

م . ز

فرۆشگای ئاڵوگورکردن

لەناوچەی (زور) لە ئەڵەمانیا قەشەیەك فرۆشگایەکی کردۆتەوە کە شت کڕین و فرۆشتن لەو فروشگایە بەپارە نیە بەڵکو سەربەسەر بەگۆڕینەوەیە .. ئەو کەسانەی کە شتومەکی زیادەیان هەیەو پێویستیان بە شتی تر هەیە کەلوپەلەکانیان ئەبەن بۆ ئەو فرۆشگایەو ئەوی لەگەڵ شتی ترا ئەیان گۆڕێ ئەوە ، ئەم فرۆشگایە بازاڕی گەرمەو بووە بە جێگای ئالوگۆڕو خراستی خێزانە دەست کورتەکان .. خاوەنی فرۆشگاکە نیازی وایە لەهەموو ناوچەکانی ئەڵەمانیادا لقی ئەم فرۆشگایە بکاتەوە .. بەتایبەتی ئەم فرۆشگایە لە شوێنێك دا گەشە ئەکات کە باری ئابوری تیا شپرزە بێت . وە ئەمەش وێنەیەکی فرۆشگاکەیە کە خێزانە هەژارەکان خەریکی ئالوگۆڕ کردنن تیایا .

دوو منالی پێکەوە لکاو

ماوەیەك لەمەوبەر ژنێکی ئەڵەمانی کە ئیستە لە بەرازینە دوومنالی دووانەی بە جاری بوو، منالەکان هەردووکیان کچ بوون و بەیەکەوە لکابون (ئیزابل)خانم کە چاوی بەکوڕیە پێکەوە لکاوەکانی کەوت زۆر گریا بەڵام دکتور (لوئیس) بەلینی پیدا کەباش ماوەی شەش مانگ نەختێك گەورە بوون و لەشیان توانای بەرگەگرتنی عەمەلیاتیان بو لبکیان جیا بکاتەوە .. ئەو ماوەیە بە هۆی ئوکسجینەوە هەناسەیان ئەداو بەلەلەی تایبەتی خواردنیان پێ ئەدرا ، لە ئەنجامدا لێك جیا کرانەوەو بوونە دوو کچی شۆخ .

ئەمەش وێنەی هەردوو منالەکەیە بەرلەوەی جیابکرێنەوە



ئێمەو ئێوە لە ساڵی ١٩٧٤دا

ـ برهان قانع ـ

ئەی کاکەی ڕەشی ئەفەریقا
جوتیارە دەست تەزیوەکان
قێت کۆنگەکان ...
برا .. ئێمەش وەکو ئێوە
شەو تاریکی دوورمان بڕی !
بە خەنجەری مشتوماهی
هەزار درۆمان سەربڕی !
لەناو قوڵپی ناریکایی
ئەشکەوتێکی (هەزار ئەستوون !)
تیشکی ڕۆژی سورمان کڕی
قێت کونگەکان ..
ئێمەو ئێوە تەنیا باڵنین !
با بڕوامان بەیەکتر بێ
وەرن .. وەرن
با بۆیاخی پەیکەرە فووتێکراوەکان
بشۆینەوە ...
ژەنگی دەرون ..
ڕازی دڵی (بڕۆنزی ڕەش)
نوسراوە نهینییەکان
لەبەرتیشکی ڕۆژی ساڵی ٧٤مان
بکەینەوە
ساڵی تازە
لەنیوان دوێنێی تاریك و ..
ئەمڕۆی تەمو ..
سبەی ڕوناك
بکەینە پرد ..

پۆستەی خوێنەران

پۆستەی ئەمجارەمان وەکوهەموو جارەکانی تر بەگەرم پیشوازی لە دۆستەکانی ئەکات و وەکو پیشەی تایبەتی خۆمان دەست ئەکەینەوە بەدەمەتەقێ لەگەڵیانا .

● **کاك ئەبو بەکر شاخی لەکەرکوك :**

تاقە براکەم ! پارچە شیعرەکەت بەناونیشانی (پەیامێك بۆ شاعیرەکان)لەگەڵ نووسراوێکی تایبەتیدا گەیشت کە نووسیوتە :

(وا ئەمجارەش دەستمدایەوە پینووس ڕووم کردەوە شارێکەی هیوام ، یا وەکوئێوە فەرموتان « ئەگلیم یان ئەبم بەسوار » .)

زۆر سوپاسی هەستی دۆستانەت ئەکەین .. ئەگەر ئەسپی خەیاڵ هەڵت نەگرێ و ئاوقەدی هەژار بەهەزاری ڕەمزو تورەیی و هەڵچوونت نەکات ، بەدەستی بیرو باوەڕیشت پینووسەکەت قایم بگری و خۆت بەناوەڕۆکی نووسینەکەتەوە ببەستیتەوە ئەوا ئەبی بەسوار . سوارچاکیش .. پەیادەکەی ئەمجارەت مەرجەکانی لەگەڵ زەمینەی ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆدا ناگرنجێ بەڵام گلانی ئەمجارەت مانای ئەوە نیە نابی بەسوار ..

● **کاك مجی‌الدین شیخانی ئەڵی :**

(هۆرتۆن) شاعیری ئاوارەی قولەرەشەکان لەساڵی ١٧٩٧دا لە دایك بووە ، ساڵی ١٨٨٢ کۆچی دوایی کردووە .. ئەمەش نمونەی بەشێکی شیعرەکانێتی کردویە بەکوردی .

داخی گرانم ..
ئایا بۆ ئەم ئازارە لەدایك بووم ؟
ئا زنجیری کویلەیێتی هەڵگرم ؟
تا بێ بەش بم لە بەختیاری مرۆڤایەتی
ئاه لەتۆ ئەی بێ بەش

● **کاك سید حسین شیخ مستەفا بەرزنجەیی لە ڕانیە :**

ئەم برایە جاروبار شتی ئەنتیکەمان بۆ ئەنێری ، ئەمجارەیان نووسیویە ئەڵی :قومار کردن دەردێکی کوشندەی کۆمەڵایەتی‌یە ، بەڕاستی کاك سید حسین ڕاست ئەکات قومار کردن نیشانەی بەدبەختی و ئەنجامی ئاڵوزی ژیانە .. خۆزگایە ئەو کەسانە جارێك قومار ئەدۆڕێنن ئیتر عیبرەتیان بگرتایە و تەرکیان بکردایە نەك خانوو ئاڵتوونیان بخستایەتە ڕەهنەوە (بارمتە) تاکو ئەوەی دۆڕاندوویانە بیهێننەوە . دیسان کاك بەرزنجەیی شتیکی دەربارەی گۆڤاری بەیان نووسیوە ئەبوایە بۆ گۆڤاری ناوبراوی بنارایە .

● **کاك شوانی لە کەرکوك:** هێشتا زۆرت ماوە ببیت بە شاعیر !! بەڵام ئەگەر بەنووسینی تر دەست پێ بکەی باشترە تا شیعر .

● **کاك شوان ئیسماعیل لە بەکرەجۆ :**

شیعرەکەت هەمووی بۆ بڵاوکردنەوە نەئەشیا .. خوانە خواستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ناڵێم ! لەڕووی تەکنیکی شیعریەوە نووسیبوشت (ئەگەر هەمووی بڵاو نەکرایەوە ئەوا هەندێکی بڵاومەکەنەوە) ئێمەش لەبەر قسەی خۆتان بڵاومان نەکردەوە .

● **کاك عبدالمؤمن خضر دەشتی لە هەولێر :**

چیرۆکەکەت کە باسی

بروانە ل ٧

institutkurde.de paris

پاشماوەی : لە ئەدەبی ٢ەلانی ..

میرات و بەهرەو بلیمەتی‌ی ئەدیب لەلایەکەو بەباری کۆمەڵایەتی‌ی ئەو سەردەمەی‌ئەژی لەلایەکی‌تر ، پێك‌دێت‌و دەقی پلەیەکی تایبەتی ئەگرێ ٠ژیان بە هەرحال بەسات لە نوێ‌کردنەوەی خۆی ناکەرێ ٠ بەردەوام شێوەو قالبێکی نوێ تر ئەگرێ ٠ مێژووش قەت خۆی دووبات ناکاتەوە ٠

میرات وەك (ت ٠ س ٠ ئەلیووت) ئەڵێ : « بەر لەهەر شتێکی‌تر بریتی‌یە لە هەست‌کردن بە مێژوو ٠ ئەو هەست‌کردنەی بەڕای من گەلێك پێویستە بۆ ئەو شاعیرانەی تەمەنیان لە (٢٥)ساڵان تێ‌ئەپەڕێت‌و مەبەسیان ئەبێ لەسەر شیعر نووسین بەردەوام بن ٠ خۆ ئەم هەست‌کردنەش بە مێژوو ، وەنەبێ تەنها هەست‌کردن بە ڕابوردوو بگەیەنێت ، بەڵکوو حالی حازریش ئەگرێتەوە ٠ هەروەها هەست‌کردن بە مێژوو بەم بارەدا ، مانای ئەوە نی‌یە ئەدیب لەسنووری تەنگەبەری نەوەی سەردەمەکەی خۆیدا گیر بخوات ، بەڵکوو ئەبێ وەها بنووسێت کە هەروەکوو گشت ئەدەبی ئەوروپا ، لە (هۆمێروس)ەوە تا ئەو سەردەمەی خۆی ، لەساتی زیندوویی دان‌و وەك زنجیرە ئەدەبێکی هاوجەرخی ساتی بوونی خۆی ، دێتە پێش‌چاوی ٠ ئەم جۆرە هەست‌کردنە بەمێژوو کە لەیەك ساتدا هەست‌کردنە بە ئەبوونی کات‌و بەبوونیشی ، ئەدیب ئەگەیەنێتە ڕادەی ئەگەیشتنێکی کاریگەری قووڵ‌و وردە ، سەبارەت بە شوێن‌و پایەی خۆی لە تەووژمی تێ‌پەڕبوونی بێ‌ووچانی کاتدا » ٠ (میرات‌و یەهرە ٠٠ ت ٠ س ٠ ئەلیووت) ٠

تاقی‌کردنەوەو نوێ کردنەوە ، دووکرداری ئاسایین‌و بنچینەی پێش‌کەوتن ٠ ئێمە ناتوانین بەردەوام خۆمان دووبات کەینەوە ٠ شارستانێتی‌و زانستی هەردەم بەرەو پێشەوە ئەچن‌و نەش‌و نما ئەکەن ٠ بۆیە ئێمەش هەردەم بەرەو ئاسۆیەکی نوێ‌تر خۆمان ئەگرێتین ، بێ ئەوەی قەت بیگاتێ ٠ ئەم خزکرتانەی ئادەمیزادیش بۆ پێشەوە ، کۆتایی بۆ نی‌یە ٠

بەڵام ڕەنگە بۆ دەنگ‌و سەدای ڕابوردووش لەلای خۆیانەوە ، هەردەم لە گەلماندا ئەمێنن ٠ ئەوە دەنگی تۆلیۆ ئاس ٠٠ تاگور ٠٠ نیرالا ٠٠ لەدوو توێی دەنگماندا زرنگەیان دێ ٠سەرچاوەی ڕوون‌و ڕاستەقینەی ئەدەب ، ئەدیبەو ئاڵاڕێژشی‌و شادمانی‌ی مرۆڤە ٠

لەزمانی هیندی‌ی ئێمەدا ، قوتابخانەیەکی شیعری‌ی نوێ سەری هەڵداو بانگی بۆ خۆی‌دا کەئامانجی هەرە گەورەی بایەخدانە بە « فۆرم » ٠ شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە بۆ شێوەی دەربڕینێکی نوێ‌تر ئەگەڕان ٠ ئەوانە زوربەیان شاعیری پێش‌کەوتن‌خواز بوون‌و ڕێگای (شیعری سەربەست)یان گرتەبەر کە بە باشترین ڕێگایان زانی بۆ دەربڕینی ئەوەی ئەیانویست بیڵێن ٠ ئەوی ڕاستی بێ ئەمان وەك ئەوانی تر (فۆرم)یان نەکردە تاکە ئامانج ٠ بەڵکوو لەپاڵیا بایەخێکی هەرە گەورەشیان ئەدا بەو ناوەڕۆکەی ئەیانویست دەری‌بڕن ٠

ئێمە پێویستە لەهەق لانەدەین‌و دان بەوەدا بنێین کە سەرپای ئەو ئاقی‌کردنەوانەی بایەخی سەرەکی‌یان بە (فۆرم)داوە ، بوونە مایەی دەوڵەمەندکردنی میراتی ئەدەبی‌ی مرۆڤایەتی ٠ بەرهەمی (تەکعیبی‌و سوریالی) یەکان‌و هەروەها شاعیرە (رەمزی)یەکانی فەرەنسا ، بەشێکی گەورەی ئەو میراتەن ٠ هیچ گومان لەوەدانی‌یە کە ئێمە بەبێ بەرهەمەکانی (پیکاسۆو رۆدان‌و رامبۆو فرلین‌و برۆستو جویش) هەژاری دەسکورت ئەبووین لەوروەوە ٠ تاقی‌کردنەوەکانی ئەوان ، پێش‌کەوتنێکی گەورەیان لەرووی تەکنیك‌و داڕشتنەوە بەرپاکردو بوونە هۆی تەکاندانێکی توند بۆ پێشەوە ، کە ئەوەتا لەم سەردەمەدا ئەنجامەکەی بەتەراوی دیاری ئەدا ٠

پاشماوەی : پ‌و ستەی خوێنەران

چۆلەکەیەك ئەکات شەیدای تیشکی ڕۆژبووبێ بۆ گۆڤاری منالانە دەست ئەدات ٠٠ ئینجا لەبەر ئەوە دارای لێ‌بوردن ئەکەین ٠

● **کاك کەمال عومەر کوردۆئین لە سلێمانی :**

ئامۆژگاری‌و ڕوون کردنەوە کانت هەندێکیان جێگای خۆی بوون ، بەڵام لەبەر ئەوەی جۆری دارشتنەکەی مابوی بڵاو نەکرایەوە ببورە ٠

● **کاك ستار عەبدوڵا لەهەولێر :**

چیرۆکی (بەڕەواستی)کە لە ١٤-٥-١٩٧٢دا نووسیوتە لەم ڕۆژانەدا بێمان گەیشت ٠٠ بەڕاستی ناوەڕۆکێکی پوختی ئەنجامێکی بەکەلکی هەیە ، بەڵام ئایا ئەزانی ئەگەر ئیستە بڵاو بکرێتەوە زۆر کەس‌مان لێ زوێر ئەبێ ؟!

● **کاك ئامانج ٠٠**

(نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب) جگە لەوە کە پەندی باب‌و باپیرانمانە جەنابیشت جوانت ڕازاندۆتەوە ٠٠ بەڵام ئەگەر بڵاو بکرێتەوە زۆر کەس هەیە دوای خویندنەوە ئەلیت : (مام دەرویش) مەبەستی لە منە ٠

● **کاك جەلیل محەمەد ئەرکەوازی لە خانەقین :**

چیرۆکە شیعری‌یەکەی

پاشماوەی : رایەك لە چینەوە

حاڵمانن ئامانەوێ پڕبن لە ڕای جیاواز بەڵکو بەپێچەوانەوە بەپێی سیاسەتێکی نوێ‌و ئاشکرا بەڕێوە ببرێن کە بە تاکە وشەیەك بڵێن ئەوە سیاسەتی مارکسیزمە ٠ »

ئەبێ ڕۆژنامە شۆڕشگێڕەکان خەبات بکەن بۆ چەسپاندنی بیروباوەری مارکسیزم ـ لینینیزم‌و بەڕەچی هەموو ئەو بیروڕایانەی دژی بدەنەوە بە تایبەتی لە ولاتێکی سوشیالیستی‌دا کە بورجوازیەکان ئەکەونە لنکە فرتێ‌و پەلەقاژێ‌و هەوڵدان بۆ هێنانەوەی سەرمایەداری ٠بۆیە ماوتسی تونگ خەڵکی ئاگادار ئەکات‌و پێیان ئەڵێ :ـ

« هەرگیز ناکۆکی چینایەتی‌یان لەبیر نەچێ ٠ بەو لابردنی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی لەپێش هەموو شتێکدا ئەبێ ڕای گشتی ئامادە بکرێ وە لەبواری ئایدیۆلۆجی ئیش‌بکرێ ، چینەکە شۆڕشگێڕەکان وائەکەن هەروەها چینەکانی دژ بە شۆڕشیش هەروا ئەکەن » ٠

کێشەو تەرازوی جیاکردنەوەی ڕۆژنامەی شۆڕشگێڕەکان لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەی پروپاگەندەی بیروباوەری مارکسیزم ـ لینینیزم بکات ، چەند ئاگری شۆڕش لەبەرووی کۆمەڵانی خەڵکداخۆش نەکات ٠ بۆ ئەوان ئەنوسێ ٠ ماوتسی تونگ ئەڵێ :ـ

« ڕۆژنامە ئەبێ هێندە جەماوەر بگرێتەبەر ، وە پەیوەندیەکی توند بەبەستی بەچینی کریکارو هەموو زەحمەتکێشانەوە » ٠

هەر لەبارەی خۆبەستنەوەی ڕۆژنامەکان بە جەماوەرەوە ماوتسی تونگ ئەڵێ : « مەسەلەی سەرەکی لەبەرەوپێش بردنی ڕۆژنامەکاندا بەشێوە یەکی ڕاست‌و دروست ئەوەیە کەبتوانێ دەروونی ، شۆڕشگێڕتی لەبیروباوەری ئیشکەراندا پەرە پێ‌بسێنێ ٠٠ ئەبێ ئەوانەی لەڕۆژنامەکاندا ئیش‌ئەکەن جار بەجار بچنە ناو خەڵك ٠٠ بۆ ئەوەی هەوایەکی پاك هەڵمژن ٠٠ ئەوانەی ئەچنە بنکەکان ئەبێ بێجگە لەئیشی ڕۆژنامەکەری ئیشێکی تریش بکەن ٠ »چونکە دابڕین لە خەڵکی‌و خۆئەرخان کردن بۆ ڕۆژنامەگەری ڕەنگە ئەو کەسە پاش ماوەیەك دووڕخاتەوە لە دەروون‌و هەست‌و پێویستی‌یەکانی چینە زەحمەتکێشە بەرهەم هێنەرەکان ٠

بێجگە لەمە ئەبێ ڕۆژنامەکان هەوڵبدەن کە لەناو جوتیارو پرولیتاریا هوشیارەکاندا ژمارەیەکی زۆر پەیامنێر پەیدابکەن ٠ تا سنورێك دابنرێ بۆ گەلە کۆمەکۆی زوشنیرەکان‌و قۆرخ‌کردنی بواری ڕۆژنامەگەری ٠ ماو ئەڵێ : « ئەوی پەیوەندی بە بەریوەبەرێتی ڕۆژنامەکانمانەوە هەیە ئەوەیە ئەبێ پشت بە هەمووان ببەستین واتە بەهەمور کۆمەڵانی خەڵك وە نابێ پشت بە چەند کەسێکی واوە ببەستین کە لەپشت چەند دەرگایەکی داخراوەوە کەم ئیش بکەن ٠ » ئەبێ ڕۆژنامە نووسەکان بچنە ناو کۆمەڵانی جوتیارو کرێکارو مەریازانەوە لیکۆڵینەوەو ڕیبۆرتاجی تەواوو ئەوزوعیان پێشکەش بکەن ٠

ئەبێ بەدەنگ بانگەوازو ئاڵاو ئاماژەکانیانەوە بێن کە بۆ خزمەتی پێشکەوتنی کۆمەڵ ئەشەکردنی بەرهەم هێنان‌و چەسپاندنی سوشیالیزمە ٠ هێڵی جەماوەری بەهێنندەی ٠

ئەم باسە پوختەی چەند نووسینێکی چینی‌یە لە گۆڤاری بناء الصین‌و ڕۆژنامە نووسی ئەفەریقاو چەند کتێبێکدا بڵاوکراونەتەوە ٠

پاشماوەی : ئەفەریقای تیکوشەر

نزیکەی ٤٠٠ملیون دولار چەك‌و ئەقاقی جەنگی‌بەناوی یارمەتیەوە داوە بە پورتوگال ، جگە لەمە نیکسون ساڵی ١٩٧١ ، لە (ئازورس) بەڵێنی بە (مارسیلا کیتانۆ)ی سەرۆك وەزیرانی پورتوگالدا کە ٤٢٥ ملیون دۆلاری تریان ئەدەنێ ، ئەمانە سەرەڕای ئەوەش کە کادرانی سوپای پورتوگال لە لەبنکەو خوێندنگاکانی ئەمەریکاو وڵاتانی تری (ناتو)دا فێرئەکرێن‌و مەشق ئەکرێن ٠ بەڵام لەگەڵ‌هەموو ئەمانەشدا هێزەکانی پورتوگال لەئەفەریقا (٦٠ هەزار لە ئەنگۆلا ، ٤٠ هەزار لە موزەمبیق ، وە ٣٧ هەزار سەرباز لەگینیا-بیساو) ڕووبەڕووی بەرەنگاری‌و بەرهەڵستی‌ی شۆڕشگێڕانەو دلیرانەی ئەم گەلانە بونەتەوەو بەپێی قسەی پورتوگالیەکان خۆیان ، تائیستا ٦٠ هەزار کەسیان‌لەئەفەریقا لێ‌گوژراوە٠

گەلانی ئەم وڵاتانە بشت بەهێزی خۆیان‌و ئینجا پشت بەیارمەتی‌گەلانی تری ئەفەریقاو جیهان ، لەسەر خەبات بەردەوامن ، گەلی پورتوگالیش وردە وردە هوشیارتر ئەبێتەوەو دژی سیاسەتی داگیرکەرانەو گۆنەپەرستانەکەی پورتوگال خەبات ئەکات ٠

ڕێژیمی پورتوگال بەهۆی جەنگەکانیەوە کە ئەفەریقا دووچاری تەنگوچەلەمەی سیاسی‌و ئابوری وابوە کە بۆی چارەسەر ناکرێت ٠ خەڵکی برسین ، سەربازە لاوەکان لە سوپا هەڵدێن ٠ هێزە شورشگێرەکانی پورتوگالیش خەریکی ڕیکخستنەوەی ڕیزەکانی خۆیان‌و بەهێز کردنیانن‌و لەسەر ڕیبازی خەبات دژی ڕێژیمی گۆنەپەرست‌و داگیرکەری پورتوگالی بەرەو پێشەوە ئەڕۆن ٠

***

خوێنەرانی بەڕێز ، ئەمە باسێکی گشتی پورتوگال بو پیشکەشمان کردن، لەزمارەکانی داهاتودا یەکە یەکە باسی ئەو وڵاتە ئەفەریقاییانە ئەکەین کە لەژێردەستی پورتوگالدان‌و دژی ژێردەستەیی خەبات ئەکەن ٠

پاشماوەی : خەباتی ڕزگاریخوازی

ئیسرائیلیش کەلك وەردەگرن٠ بەوحاڵەش ، هەروەك باقیکرد. نەوەی فێتنام نیشانی دا سەرکوتکردنی دڕندانەی خەڵك نەك هەر ناتوانێ بەربەرەکانی گەل تێك بشکێنێ ، بەڵکوو زیاتر خەڵکی هان دەدا بۆ ئەوەی یارمەتی هێزە چەکدارە ئازادیخوازەکان بدەن‌و ئیستیعمارگەرانیان لەخاکی خۆیان پێ دەربکەن ٠ دروست کردنی سەددی گەورەی

« کابوراباسا » کە مەبەستی ڕاکێشانی‌سەرمایەی مۆنۆپۆڵەکانی ئەمریکایی‌و ئورووپایی بوو ، لەئەنجامی هێرشی هێزە چەکدارەکان‌دا ناتەواو بوو‌و ئیستیعمارگەرانی پورتوگال‌و شەریکە رەگەزپەرستەکانی ئەوانی توڕشی گیروگرفتیکی گەورە کردوە ٠ پارتیزانەکان هەمیشە ڕێگای گوازتنەوەی کەرەستەی ئەوسەدەیە پەڵامار دەدەن‌و هێرش دەبەنە سەر عەمبارو ناوەندی کاروباری ئەو سەددەیەو دەیان‌تەقێنن ٠

« فرلیموو » ڕایگەیاند کە لیوای تەتە (ئەولیوایە کە دەبوایە ئەوسەددەی لێ‌دروست بکرێ) ، گرنگترین ناوەندی جوڵانەوەی هێزە چەکدارە ڕزاریخوازەکانە ٠

لەڕاگەیاندنێکی عەسکەری‌ی « فرلیموو » دا نووسراوە کە هێزە چەکدارە ڕزگاریخوازەکان ئەم کارانەی خوارەوەیان بە سەرکەوتنەوە لەو لیوایەدا جێ‌بەجێ کردوە :

ـ تەقاندنی پێنج واگۆن کە چیمەنتۆو کەرەستەیان بۆ ئەوسەددە بردوە ٠

ـ شەش‌کەشتی لەسەر چۆمی سامبسی غەرق کراون ٠

ـ پەڵامار بۆسەر فرۆکەخانەی تەتەو تێك‌دانی چەند فرۆکەو چەندناوەندو عەمبار ٠

ـ بیست‌ئەقینەوە لەدرێژایی ڕێگاسنی بایرا ـ تەتەدا ٠

ـ کوشتنی ٣٠٠ سەربازو ئەفسەری دوژمن ٠

لەوڕاگەیاندنەدا گوتراوە کە ئیستیعمارگەران ١٠٠ کیلومیتر ڕێگا بە دووڕۆژونیو دەبڕن ، چونکە زوربەی ڕێگاکان‌و ڕێگای ئاسن لەغەمیان تێ‌خراوە ٠ هەرچەند خەباتی چەکداری ڕزگاریخوازی گەلی موزامبیق بەپشتیوانی هێزی خۆی دەست پێ‌کراوەو خۆی ڕاگرتوە ،بەڵام ڕۆژلەڕۆژزیاتر یارمەتی‌و پشتیوانی وڵاتانی سۆسیالیستی و پشتیوانی هەموو هێزو ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی دنیای بۆلای خۆی ڕاکێشاوە ٠ تەنانەت زۆر وڵاتی ئورووپاییش هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر سیاسەتی ئیستیعماری‌ی پورتوگال دیاری کردوەو یارمەتی ڕێکخراوی ڕزگاری‌خوازی موزامبیق « فرلیموو » دەدەن ٠ (ئەومەسەلە لەبارەی موستەعمەرەکانی تری پورتوگالیش وەك گینابیساوو ئەنگۆلا دێتە بەرچاو) ٠ دوژمنی هاوبەش و خەباتی هاوبەشی گەلانی موستەعمەزەی پورتوگال سێ‌ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی ئەوگەلانەی لەڕێکخراوێکی یەکگرتوودا بەناوی «کۆنگرەی ڕێکخراوە نیشتمانیەکانی موستەعمەراتی پورتوگال کۆ کردۆتەوە

***

پاشماوەی : ئەم هەفتەیە ...

لە ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٥٧دا کومپانیاکانی بیگانە لەمیسر کران بەمولکی‌دەوڵەت٠

لە ١٨ی کانونی دووەمی ١٩٢٦دا کۆلیجی کشتوکاڵ لە عیراق دامەزرا ٠

ڕووداوی جیهانی :

لە ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٦٤دا لەئەنجامی شەڕێکی ناوخۆیی لەکەلکەتەی هندستان موسڵمان‌و هیندیکان ١٢٠٠ کەسیان لەیەك کوشت ٠

لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩١٥دا گراهام بل تەلەفۆنی داهێنا ٠

لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٦٦دا لەئەنجامی کردیتایەکی کۆنەپەرستانی نیجیریا نەبوبەکر تفاوە بلێوەی سەرەك وەزیران‌و ئەحمەد دبلوی وەزیری دارایی کوژران ٠

لە ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٢٠دا عصبة الامم بۆیەکەم جار کۆبوەوە ٠

لە ١٧ی کانونی دووەمی ١٩١٢دا ڕۆبرت سکۆت گەیشتە قوتبی خوارو ٠

لە ١٧ی کانونی دووەمی ١٩٦٧دا تیکۆشەری جیهانی (پاتریس لۆمۆمبا) کوژرا ٠

لە ١٨ی کانونی دووەمی ١٩٤٣دا لەشکری سوری سوفیات بەسەر لەشکری ئەڵمانیای نازی داسەرکەوت و کۆتایی بەگەماروودانی شاری لێنینگراد هینا ٠

***

پاشماوەی : کوردستانەکەت ..

سەربەرزەو دانشتوانی کوردن‌و ئەویشمان لەبیر نەچیت کە ئەم شارەوە کەلێ زانا‌و ناودار دەنگی داوەتەوە ٠

بۆ ئەم باسە بەکورت‌ـ کراوەیی سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە :

١ ـ قاموس الاعلام شمس الدین سامی (تورکی)

٢ ـ معجم العراق ـ (عبد الرزاق الهلالی)

٣ ـ موجز تاریخ البلدان العراقیه ـ عبدالرزاق الحسنی

٤ ـ التاخی ـ ڕوژی ٣-٥-١٩٧١ ٠

٥ ـ لەنوسینەکانی مامۆستا گیو موکریانی ٠

بۆ ئەم گۆشەیە لەمەزیاتر بەدەمەوە نەبوو ئەگینا ئەم نوسینە لەکورتەی کورت‌ـ کراوەش کورت تره ٠

● ★ ●

پاشماوەی : ڕۆژگاری شیخ رزا

ڕیکایە ئەوانری بەشێوەیەکی زانستی میژووی ئەدەبی کوردی جارێکی‌تر بنوسرێت ٠

سەرچاوەکان :

(١) دیوانی شیخ رضای طالەبانی ـ ١٩٤٦

(٢) دیوانی مەولەوی ـ ١٩٦١

دەفتەری کوردەواری ـ ژمارە (٣) مەسعوود محەمەد ـ (٢٢) ٠

(٤) شیخ محەمەدی خال ـ دەفتەری کوردەواری ـ ژمارە ـ ١ ، ٢ ، ٣ ٠

(٥) ئەدەونس ـ دەنگی گیتی‌ی تازە ـ ژمارە ـ٢ـ ٠

(٦) علاءالدین سجادی ـ میژوی ئەدەبی کوردی ـ چاپی یەکەم‌و دووەم ٠

(٧) گۆڤاری گۆڕی زانیاری کورد ٠ بەرگی یەکەم ١٩٧٣ ٠

(٨) فاضل کریم ـ الاتجاهات الادبیة والفکریة فی القرن التاسع عشر ـ التآخی ـ ع ١٢٠٠

پاشماوەی : ڕەش‌و سپی

ئینجا ئەسرینەکەی جۆگەلە ئەبەستێت‌و ئەیبەستێ‌و ئەکوژێتەوە ٠٠!!

● **ئێمەی هەرۆقیش هەروانیە ٠٠٠**
هەیە ئەسوتێ‌و سوودی ڕۆخوی نی‌یە !
هەیە لەبەر تیشکی گەسانی تردا ئەژی !
هەمیشە تیشکەکەی خۆتکی بەشەوارە ئەخات یان چاویان کوێر ئەکات !

---

institut kurde de paris

ڕەخنە

◆ مۆم ◆

نووسینی : ڕەوا

● ڕۆژۆمانگ‌و ئەستێرەکان ئاگرو چرا جۆراو جۆرەکان ، هەموو ڕووناکیەك جگە لەمۆم ! دەورو بەری خۆیان ڕووناك ئەکەنەوە ، ڕووناکیش ئەدەن بە هەموو لەشو کەسو شتێکی تریش وەکەلکیان هەیە بۆ مرۆڤو زەمینو هەموو زیندەوەرێك •

● بەڵی ئەگەر ئەمانە گیان لەبەر بونایە وەکو ئێمە ، بەختەوەر ئەبوون بەوەی کە بەرپێی خۆیانو کەسانی تر ڕۆشن ئەکەنەوە !

● ئێمە لەبەر هەندێ تیشکا هەزاران تەرحەشتی چاك‌و خراپ ئەکەین ، بەبێ ئەوەی تیشکەکان ڕاستیان لێ بلێنو لیمان زویربن ! هەندێ تیشك بۆ دۆزینەوە و چارە سەرکردنی گەلێ نەخۆشی بەکار ئەهێنرێ، هەندێ تیشك کەلێ میکرۆبی زیان بەخش ئەکوژێ، لێرەشدا ئەوە دێنێنەوە یاد کە هەر چەندەشەو تاریك‌و شەوەزەنگ بێت ، ڕووناکی مۆمێك هەر دیارە ، بەڵام مۆمی کلۆل بەپێچەوانەی هەموو ، ڕووناکیەکانەوە بەرپێی خۆی ڕۆشن ناکاتەوە ••• ئەگەرێ‌و دڵۆپ دڵۆپ فرمێسك ئەڕێژی هەتا دوا دڵۆپ لەبەر نەوەی بنەکەی تاریکەو بەردەمی خۆی نابینێ !!

بروانە ل ٧

چۆن لە هەڵبژاردنی :

شا جوانی دنیا

ئەگەیە ؟!

★ ئەگەر ناوی « هونەر » و « جوانی » و « چاکی » لە ڤێستیڤاڵی هەڵبژاردنی شا جوانی دنیا بنرێت ، مانای دەست درێژ کردنە بۆ سەر هونەرو جوانیو چاکە •••

★ ڤێستیڤاڵی هەڵبژاردنی شا جوانی دنیا ، کارێکی بازرگانی سەرمایەدارەکانەو هیچی تر •••

لەوانەیە ، زۆرمان لەخۆمان پرسی بێت ، مەبەست لەو بەزمو هەرایەچی‌یە زۆر دەزگای ڕاگەیاندن‌دەربارەی هەڵبژاردنی « شا جوانی دنیا » ئەیکەنویان هەر مەبەست لەهەڵبژاردنی « تاقە کچێك » بە « شای‌جوانەکانی دنیا » چی بێت ؟!

لەوانەیشە زۆ کەمیش لەلە خوێنەران گەیشتبنەوەلامێکی وا کە ڕازیان بکات لەمەبەستی ئەم کارە کە بە ملیونەهای لە پێناودا خەرج ئەکرێت !

بەڵام ، بە سەرنج دانێکی‌ورد لە پشتەوەی ئەو پەردانەی ئیشوکاری ئەم « هەڵبژاردنەی‌دنیا ئەگرێت ، ئەگەینە نەو قەناعەتە : « هەڵبژاردنی « شاجوانی دنیا » نموونەیەکە لەو چەندان نموونانەی بە ئاسانی« ڕێژیمە سەرمایە دارەکانی ڕۆژئاوا » گوناهبار ئەکات .چونکە هەر زۆریش لیکولینەوەی لەسەر نەکرێ ، بە ئاسانی لەوە ئەگەین ، ئەم کارە شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەگەزپەرستی لەسەر بنەڕەتی‌جیاوازی خستنە ناو مرۆڤ « بەتایبەتی ئافرەت » و جیا کردنەوەیان بە پێوانەی شێوەو ڕەنگ‌و پێست ، کە ئەم کردەوەیەش هەموو خاوەن باوەڕێکی پێش‌کەوتن‌خواز بە خراپەیەکی گەورەی ئەزانێت سەرمایەدارەکان بەرامبەر نرخی مرۆڤایەتی مرۆڤ ئەیکەن •

لەم دواییەدا ، نووسەری‌پێش‌کەوتن خوازی بەریتانیایی « باتریك دوناڤان » لەوتارێك‌دا پەردەی لەسەر ئەم بازرگانی‌یە نارەوایەی سەرمایەدارەکان‌ـ لاداوەو ئەڵێت :

ـ هەڵبژاردنی شا جوانی‌دنیا ، لە ڤیسیڤاڵێکی گەورەی ساڵانەدا ، کە بەملیونەهای بۆخەرج ئەکرێ ، لەڕاستی‌دا بازرگانی‌یەکە کومپانیا سەرمایەدارەکان بۆ دەرگا کردنەوەی پروپاگەندە بۆ شتومەکەکانی‌خۆیان ، دایان هێناوە لەبەر ئەوە ناوی « هونەری » و« جوانی » و « چاکی » لەم ڤیستیڤاڵە بنرێت ، مانای‌دەست درێژی کردنە سەر هونەرو جوانیو چاکە •

دیسان ئەڵێت :

ـ ئەمساڵ ، بەچاوی خۆمدیم ، کە چۆن دوایی ئەوەی (شا جوانی) ١٩٧٣ هەڵبژیردراپیاوە سەرمایەدارەکان ،دەوری کچەکەیان داو یەکێکیان‌هاواری ئەکرد کە : چوار هەزار جنیە ئیسترلینی بۆ ئەبرێتەوە ساڵێك لەلای ئیش بکات ! یەکێکی کەیان زیاتری کردو هەندێکی تریان پارەیان بۆ هەڵئەرشت بەرامبەر بەوەی‌ئەنیا ڕێگایان بدات وێنەی دەمو چاوی بکەن بە بەرگی‌شتومەکە بازرگانی‌یەکانیان‌و•• خاوەن کومپانیایەکی تر « پوزی‌شا جوانی » ئەخستە مەزاتەوە بۆ پروپاگەندەی گۆڕەوی‌ژنانە •••

ئابەم جۆرە تێ ئەگەین ، کەهەڵبژاردنی شا جوانی دنیا ، کارێکی بازرگانی سەرمایەدارەکانەو هیچی‌تر ••• وە هیچی‌تر •••!!

(ئەم دوو وێنەیە لە ڤیستیڤاڵی هەڵبژاردنی شا جوانی دنیا ١٩٧٣دا گیراون ، یەکەم ئەو کچەیە کە ناوی « مار جوری ولاس »و بە شا جوان دەرچو وێنەی دووەم هەمان کچ لەگەڵ چەند کچێکی‌تردا کە بەشداری ڤیستیڤاڵە کەیان کرد) •

شۆڕشی بولگاریا



بە ناونیشانی « ئەو ڕۆژەهات » لە بولگاریا فلیمێکی نوێ دەرچوە ، کە ڕووداوەکانی شۆڕشی بولگاریا ئەگێڕێتەوە ، ئەم فلیمە «جورجی دیوجیروف» دەری هێناوەو سیناریوکەی لە دانانی « فاسیل ئاکیوف »و ئەم دوو هونەرمەندەش خۆیان ئەندامی ڕێکخراوی بەرگری میللی بولگاریا بوون لە شۆڕشەکەی بەرپاکرد ، ئەم دوو وێنەیە لە فلیمی ناوبراو وەرگیراون •

◆ وێنەیەك لە کوردستانەوە ◆

کوردستان ، بەرگێکی‌سپی پۆشیوە ، سپی ، بێ‌گەرد ، وەك بێ‌گەردی دڵی مرۆڤی چاك‌و بەباوەر ، بەرامبەر بەزەوی ، ئەو بەرگە سپی‌یەی ••• ناوی « بەفر »ە •

وە ••• من واهەست‌ئەکەم ، «بەفر» زۆر بەنرخە نرخەکەی زیرو پارە نی‌یە ، بەوجۆرە گەل سەربەست‌بەڵکو ••• خوشەویستی‌و پاکی‌یە •• لە جوانترین وێنەدا کە مرۆڤ ئەتوانێت خۆی بەئاسانی تیا ببینێ •••

ئایا ، ناتوانین ، بگەینە ئەو ڕادەیەی هەناسەمان زمانمان ، دڵمانو کردەوەمان ، خاوێن بێت وەك بەفر ، سپی‌و پاك بێت وەك بەفر ؟! با خۆمان تاقی بکەینەوە ، ڕەشی بەسپی داپوشین •••وەك چیا سەر کەشە سپی پۆشەکانی ئیستەی کوردستان •

ـ سەگمان عبدالحکیم ـ

پەیوەندی کەندی‌و مارلین مۆنرۆ

بەناونیشانی « بەرچاوخستنێکی پیشەی ڕووت » نووسەری ئەمەریکایی « ئیل‌ویڵسون » کتێبێکی چاپ کردوە • تیایا باسی پەیوەندیەکانی سەروکی پیشوی ئەمەریکا جۆن کەندی‌و ئەکتەری ناسراوی سینەمایی مارلین مۆنرۆ ئەکات • نووسەر لەکتێبەکەدا ئەڵێت : مارلین مۆنرۆ بەر لە خوکوشتنی تەلەفونی کردوە بۆ ژاواکەی کەندی پێی وتوە :

دوعا خوازیم بگەیەنە بە سەرۆك !

گۆڤاری پەروەردەو زانست

ژمارە (٦)ی ساڵی سێیەمی گۆڤاری پەروەردەو زانست کە بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی دەری ئەکات کەوتە بازاڕەوە • لەم ژمارەیەدا چەند باسێکی بەکەڵك دەربارەی ڕێزمانی کوردی‌و زاراوەی زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە •

ئەم ژمارەیە دانەیەکی بەدیاری‌پێش‌کەش بەکتێبخانەی ـ هاوکاری ـ کراوە سوپاسی هەڵسوڕێنەرانی‌گۆڤاری ناوبراو دەکەین •

• وتەیەك •

ڕۆژێك نیە کە وتەیەکی بەنرخی‌برناردشۆ لەڕۆژنامەکانی جیهاندا بڵاو نەکرێتەوە ، ئەمە وتەیەکی جوانە لەو وتانەی کە بڵاو کراوەتەوە •

هیچ مرۆڤێك نیە کە بەلای کەمەوە ڕۆژی سەعاتێك هۆشی خۆی بزر نەکات ، بەڵام مەرج ئەوەیە کە لەو سەعاتە زیاتر نەکات •

ئافرەت

مندال لە پولی پوستەدا :



لە بیرەوەری جەژنی‌منداڵانی دنیادا ، وەزارەتی پۆستەو تەلگراف لەکۆماری گەلی چین ، چەند پولیکی دەرکردوە، بەناوی « هەڵپەرکێ‌و گۆرانی منداڵان»ەوە ، پولی یەکەم کیژێکی تیایە لەنەتەوەی (هان) پولی دووەم کوڕێکی نەتەوەی مەنگولی بەئاڵەتی‌ماتوتشگ مۆسیقا لێ‌ئەدات ، ئەم ئاڵەتەش وەك کەمانچەوایە ، پولی سێیەم کیژێکە لە نەتەوەی تیبتە کە سەمایی« هاتا » ئەکات‌و پولی چوارەم کوڕێکە لەنەتەوەی‌و یگوری‌بەدەف یاری ئەکات ، پولی پێنجەم کیژێکە لە نەتەوەی‌کۆریە بە تەپڵێکەوە سەما ئەکات •

جل‌و بەرگ :

چۆنیەتی دروست‌کردنی کراسی منداڵێکی ٣ـ٦ ساڵی :

بۆ ئەم جۆرە کراسە ، ئەتوانرێت یان قوماشی سادە، یان جۆرە قوماشێك بەکار بهێنرێ ، کە بەشی پێشەوەی گۆڵ یان نەخشی ڕەنگاو ڕەنگی پێوەبێت •

چۆنیەتی بڕین‌و دورینی :

هەر پارچەیەك لە ژمارەکانی یەکەمەوە تا (٥) کە لەوێنەکەدا دیارە ، دوو پارچەیان لێ دەرئەکرێ پارچەی (٣) لە هەردووڵاوە بەپارچەی ١و٢وە ئەدوررێت ، ئینجا پارچەی ژمارە (٥) لەشێوەی چاکەت لە هەردووڵاوە بە پارچەی ژمارە (١)ەوە ئەدوررێت ، واجوانترە کراسەکە لەپێشەوە هەتا ناو قەد بەقۆپچە دابخرێت •



ئافرەت لەمەیدانی پاراستنی یاساو ئاسایش‌دا

خاتو ئەلسەگیلر ،ئافرەتێکە لەئەڵەمانیای دیموکرات ، مولازمی یەکەمە لە دەزگای‌پولیسی لەناوبردنی تاوان باراندا ، خاتو ئەلسە کەباسی ژیانی خۆی ئەکات ئەڵێ : لەسەرەتای ئیشەکەمدا گەلێك کوسپم هاتە ڕێگا ، بەڵام بەوردبینی‌و بیرکردنەوە توانیم بەسەریانا زاڵ ببم ، هەرچەندە ئەو ئەرکەی لەسەر شانی منە، بەقورس‌و گران سەیر ئەکرێت چونکە ئافرەتم ، بەڵام من بەم ئیشە ، زۆر بەختەوەرم •



ئاڵە فرەی ڕستەکات

◆ عەرەبانە ! ◆

کەمال میراودەلی

لەکەیەوە، بەم چەشنەئەو عەرەبانەی ـ هەڵتەك هەڵتەك ـ بەسەر شەقامو کولانەکوێرو کەپو لاڵەکاندا ڕادەکێشا ؟ نەی دەزانی •نەشی دەخواست بزانێ • عەرەبانەکەت ڕاکێشەو ئا •بڕی‌و ئا • چت داوە لەخەڵك !!

ـ ئەرێ ڕوخسەتت‌پێ‌یە ؟

ـ ڕوخسەتی چی ؟

ـ هی عەرەبانەکەت ••• ڕوخسەتی شارەوانی ـ ئەم شەقامانە تاپۆی باپیرە گەورەت نین !!

« شەقام ـ ڕوخسەت‌ـ باپیرە گەورە ـ تاپۆ ـ !! »

یەکەم جار بوو عەرەبانەکەی بەو شێوە ببینیت • زل‌و زەبەلاح‌و دیمەن تاڵ •لەناخەوە حەزی کرد تووڕی هەڵدات • بەڵام نەء • سەبرت بێ • سەبر دەرمانی هەموو دەردێکە •

ئەستێرە ناسەکە پێی‌وت : ئەستێرەکەت‌عەرەبانەیە

ـ ناوچەوانت وای لێ‌نووسراوە •

کتێب گرەوەکەش پێی وت :

دەبێ ڕای کێشی ـ بتەوێ‌و نەتەوێ دەبێ ڕای‌کێشی

فاڵگرەوەکە فنجانەکەی هەڵداوپێش ئەوەی‌بکەوێتە سەر زەوی هاواری کرد :

را •• ی •• گێ ••شە !

کاتەکانی یەك بەسێ‌تەواو کردن •• خەو بردی‌یەوە •• لە خەونیا فریشە یەك هاتە سەردانی ••• دوای ئامۆژگاری کردنی پەلی گرت‌بۆ بەهەشت • کۆشکێکی بەرزی بۆ دانرا بوو •• عەرەبانەکەی بوو بو بە ئەسپی بوراق بەناو بەرینایی ئاسمان‌دا گۆرانی دەوت‌و دەفڕی•

ـ گوڕم •• ئەمە پاداشی قەناعەتە •

لە خەو هەستا •• هەستی کرد کە شتێك هەیە دەبێ بیری لێ بکاتەوە •

یادگارەکانی تیو دۆراکیس

هونەرمەندی پێش‌کەوتن خوازی گەلی یونان ، « میکیس تیودۆراکیس » کتێبێکی بەناونیشانی « بیرەوەری‌یەکانی بزوتنەوەی بەرگری لەیونان » نووسیوە ، کە لەم دواییەدا ، چاپی ئینگلیزی‌و عەرەبیشی بڵاوکراوەتەوە ، ڕۆژنامەکان ، دەربارەی ئەم نووسراوەی تیودۆراکیس ئەڵێن : ئەم هونەرمەندە لەنووسراوەکەیدا ، وێنەی هونەرمەندێکی شۆڕش‌ـ گێڕ پیشان ئەدات کە خۆی بەستۆتەوە بە مەسەلەی سەرەکی جەماوەرەوە لەزۆران بازی‌دا دژی دوژمنەکانی •

★★★

kurdeinstitutdeparis